https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.7

e-ISSN (2617-0752)          p-ISSN (2617-0744)

# ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربالدا

پ. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

Sirwan.zand@yahoo.com

م. ی. کوردستان عبدالوهاب نادر

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

Kurdistan.nadr@soran.edu,iq

## پوختە

گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بەرئەنجامی دید و تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکانە سەبارەت بە دنیای ڕۆژهەڵات، کە تێیدا کار لە سەر دابەشکردنی دنیا بە سەر دوو جەمسەری دژ و پێچەوانەی یەکتر دەکرێت، کە ئەوانیش هەریەکێکیان نوێنەرایەتیی نەریت و کلتوور و شارستانیەت و ... تاد جیاواز دەکات. لەم گوتارەدا کۆمەڵێک دید و تێڕوانینی نەرێنی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و کۆمەڵێک دید و تێڕوانینی ئەرێنیش سەبارەت بە ڕۆژئاوا بەرهەمدەهێنرێن. ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیرباڵیش خەریکی بەرهەمهێنانەوەی هەمان گوتارە و بەشێک لەو ڕوانگانەی کە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمدەهێنێت، لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە. لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە و بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان دابەشی سەر دوو بەش کردووە: لە بەشی یەکەمدا باس لە ڕۆژهەڵاتناسی و ئێدوارد سەعید وەکو یەکێک لە بیرمەندەکانی ئەم بوارە کراوە، لە بەشی دووەمیشدا ئەو ڕوانگە ڕۆژهەڵاتناسییانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بوون و ڕەنگیانداوەتەوە، نیشاندراون و ڕاڤەیان بۆ کراوە.



**وشە کلیلییەکان:** ڕۆژهەڵاتناسی، ئێدوارد سەعید، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، هوتێل ئەوروپا

## ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربالدا

## پێشەکی

گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی گوتارێکە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک وێنا و ڕوانگە و بۆچوون سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کار لە سەر ناشیرینکردن و بەکەمگرتن و بە نزم نیشاندانی ڕۆژهەڵات دەکات. ئەم توێژینەوەیەش کە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربال)ە، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و دەرخستنی ئەو وێنا و ڕوانگە و تێڕوانینە دوانە لێکدژانەی کە ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمیهێناون.

ـ ڕێبازی توێژینەوە: بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پێڕەوی ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) کراوە.

ـ سنوور و چوارچێوەی توێژینەوە: سنووری توێژینەوەکە تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆمانی (هوتێل ئەوروپا)ی فەرهاد پیربالدایە.

ـ گرنگیی توێژینەوە: لە لایەکەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە لاکردنەوەیە لە بابەتێکی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا. لە لایەکی تریشەوە، تیشک دەخاتە سەر بابەتێکی هەستیار و گرنگ کە پێویستە هەموومان هۆشیاریمان لەبارەیەوە هەبێت و درک بە مەترسییەکانی بکەین و دواجار هەوڵی سڕینەوە و ڕەتدانەوەی ئەم گوتارە بدەین، چونکە پێمان خۆشبێت یان ناخۆشبێت هەموومان کەوتووینەتە ژێر کاریگەریی ئەم گوتارە و لە بری ڕەتدانەوە خۆشمان بووینە بەشێک لە درێژەپێدەر و بەرهەمهێنەرەوەی ئەم گوتارە.

- ناوەرۆکی توێژینەوە: بە گشتی توێژینەوەکە بە سەر دوو بەش دابەشکراوە. بەشی یەکەم لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە تێیدا باس لە ڕۆژهەڵاتناسی و لێکۆڵەر و بیرمەندی دیاری ئەم بوارە ئێدوارد سەعید کراوە. بەشی دووەم لایەنی کارەکیی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت و هەموو ئەو ڕوانگە و وێنا و دید و دووانە لێکدژانەی بەرهەمی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسین و لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە، نیشاندراون و ڕاڤەکراون.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێی گەیشتووین، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: ڕۆژهەڵاتناسی و ڕوانینی ئێدوارد سەعید لەبارەی ڕۆژهەڵاتناسییەوە

### ١-١ڕۆژهەڵاتناسی

لە ڕووی زاراوەوە لە بەرانبەر ئۆریانتالیزم (Orientalism)ی ئینگلیزی، لە زمانی کوردیدا هەریەکە لە زاراوەکانی ڕۆژهەڵاتناسی یان خۆرهەڵاتناسی بەکاردێن، لە چوارچێوەی بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیەشدا، زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی زیاتر بەکاردێت. لە زمانی عەرەبیشدا زاراوەی (الاستشراق)، لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (شرق‌شناسی، خاورشناسی) بەکاردێن. لە ڕووی چەمکیشەوە ڕۆژهەڵاتناسی واتایەکی فراوانی هەیە و لە یەک واتادا قەتیس نەماوەتەوە، بەو واتایەی ئەگەرچی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەرەتادا زۆرتر بەو بوارە دەگوترا کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینەوەی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە زمان و کلتوور مێژوو و ئاین... تاد ڕۆژهەڵات و نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان، بەڵام لە سەردەمی ئەمڕۆدا ڕۆژهەڵاتناسی زیاتر لە

واتایەکی هەیە و ئەم چەمکە تێکەڵ بە کۆمەڵێک بواری تری وەک کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیسم و پۆست کۆلۆنیالیزم و ... تاد بووە. ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین هەموو ئەو واتایانەی بە چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی بەخشراون لە سێ واتادا کورتیان بکەینەوە و بیانخەینەڕوو:

**یەکەم/ ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمی:**

ئەم واتایەی ڕۆژهەڵاتناسی هەمان ئەو واتا گشتی و باوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەخۆدەگرێت کە بریتییە لە هەر جۆرە باس و لێکۆڵینەوەیەک کە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمهاتوون. بەو واتایەی هەر کەسێک لە بارەی مێژوو، جۆگرافیا، زمان، ئاین و کلتوور... تاد ڕۆژهەڵات بنووسێت، بە ڕۆژهەڵاتناس دەناسرێت و بە بواری لێکۆڵینەوەکەش دەگوترێت ڕۆژهەڵاتناسی.

**دووەم/ ڕۆژهەڵاتناسیی خەیاڵکرد**

ڕۆژهەڵاتناسی لێرەدا زیاتر واتایەکی خەیاڵی و ناواقعی هەیە و پەیوەستە بە جۆر و شێوازێکی هزری کە لە سەر بنەمای جیاوازیی بوونناسی و مەعریفەناسیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروست بووە. ئەم جۆرە لە ڕۆژهەڵاتناسی لە سەر بنەمای دید و تێڕوانینی خەیاڵی و ناواقعی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمهاتووە و لەم تێڕوانینە خەیاڵییەدا ناکۆکی و دووبەرەکیی بنەڕەتی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروستکراوە و زۆرێک لە نووسەران و شێوازی بیرکردنەوەیان، شاعیران، فەیلەسوفان، تیۆریستانی سیاسی، ئابووریناسان، بەرپرسانی ئیداری ئەم شێوازەیان پەیڕەو کردووە و کردوویانەتە خاڵی دەسپێکی تیۆرەکان، داستانەکان، ڕۆمانەکانی... تاد خۆیان لە بارەی ڕۆژهەڵات.

## سێیەم/ گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی

لەم واتایەدا ڕۆژهەڵاتناسی لەخۆگری گوتارێکە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بە مەبەستی شەرعیەتدان بە باڵادەستیی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵاتدا، بەم پێیەش ڕۆژهەڵاتناسی دەبێتە گوتارێکی ئایدۆلۆژیی ڕۆژئاوایی کە ئەو هەل و دەرفەتە بە ڕۆژئاوا دەدات ڕۆژهەڵات بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و بە پێی بەرژەوەندی و حەز و ویست و سەلیقەی خۆیان بونیادی بنێنەوە. (حسین زادە، ١٣٩٤: ٣٤ ـ ٣٥) کەواتە هەر سێ واتاکەی ڕۆژهەڵاتناسی پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکترەوە هەیە، چونکە ئەگەر سەرەنج لە هەر سێ واتاکەی بدەین دەبینین هەریەکە لە واتای یەکەم و واتای دووەم دەبنە زەمینەساز و ڕێگەخۆشکەرێک بۆ سەرهەڵدانی واتای سێیەم، لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتناسی چ لە قاڵبی ئەکادیمی یا خەیاڵیدا بێت دەچێتە خزمەت بەرهەمهێنانی گوتارێک سەبارەت بە ڕۆژهەڵات، کە لە ڕێگەی ئەم گوتارەوە ڕۆژئاوا لە هەوڵی سەپاندنی هەژموون و باڵادەستیی خۆیەتی بە سەر ڕۆژهەڵات لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە لە هەوڵی نیشاندانی ئەوەدایە کە کلتووری ڕۆژئاوا نوێنەری شارستانیەتێکی جیهانییە و پەسەندکردن و قبولکردنی ئەم کلتوورە دەتوانێت ڕۆژهەڵاتییەکان لە دواکەوتوویی و ئەو خورافیاتییەی کە تێیدا دەژین ڕزگاربکات و لەم ڕێگەیەشەوە ڕۆژهەڵاتییەکان لە پێشکەوتووترین شارستانیەتی دونیا بەشدار و هاوبەش بکات.

ڕۆژهەڵاتناسی مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و ڕەگ و ڕیشە سەرەتاییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە زاین، سەرەتاکانی کاری ڕۆژهەڵاتناسی بە شێوە سادە و ساکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییە کۆنەکان لەو کاتەوە یۆنانییەکان کەسانی بێگانەیان بە کۆیلە و بەربەری تەماشاکردووە. ئەمەش هەنگاوێکی سەرەتایی بووە بۆ

هەژموونی ڕۆژئاوا و دەرکەوتنی سەرەتاکانی ڕۆژهەڵاتناسی، لە هەمانکاتدا ئەمە بوو بە زەمینەسازێک بۆ ڕۆژئاواییەکان کە خۆیان بە باڵاتر نیشان بدەن. لە دوای ئەمە چەندین گەڕیدە و مێژوونووس، فەیلەسووفی یۆنانی و ڕۆژئاوایی گەشتی ڕۆژهەڵاتیان کردووە. زانیارییان لە بارەوە کۆکردۆتەوە. ئەم شێوازە سادە و سەرەتاییەی ڕۆژهەڵاتناسی تا چەندین سەدە دواتر درێژەی هەبوو (مارف، ٢٠١٦: ٣٦ ـ ٣٧)، بەڵام سەرەنجدان و ئاوڕدانەوەی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی ڕێکخراوتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣١٢ زاینی لەم ساڵەدا ئەنجومەنی زانایانی مەسیحی لە (وین) بڕیاریاندا بەشی زمانی عەرەبی، یۆنانی، عیبری لە شارە گەورەکانی وەک پاریس، ئۆکسفۆرد، سالانکا، بۆلونی، ئەوینیۆن بکەنەوە. ئەمەش بە مەبەستی ناسین و شارەزابوون لە زمانی عەرەبی بوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە بتوانن دزە بکەنە ناو کلتوور و شارستانیەتی عەرەبی، مەسیحیەت وەکو ڕزگارکەر پێشکەشیان بکەن و بانگێشتیان بکەن، کەواتە دەتوانین بڵێن سەرەکیترین ئامانجی ڕۆژئاواییەکان لە سەدەکانی ناوەڕستدا بۆ ناسین و تێگەیشتن لە ڕۆژهەڵات لەو مەبەستەدا کورت بکەینەوە، کە ئەوان بە دوای بانگخوازی بۆ ئاینی مەسیحی و بڵاوکردنەوەیدا بوون. ئەمە تەنیا ئامانجی بەرایی و سەرەتایی ڕۆژهەڵاتناسی بوو. (خلیلی، ١٣٩٣: ٨٠) لە سەدەی شازدەهەمدا ڕۆژهەڵاتناسی لە دۆخی بانگەشەی ئاینی مەسیحی هاتەدەرەوە و پێی نایە قۆناغێکی ترەوە و بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٥٣٩ گیوم پاستل و شاگردەکەی ئوژۆزێف ئیسکالیژر بناغەی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییان لە (کلژدوفرانس) دانا. لەو کاتە بە دواوە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە لە بارەی ڕۆژهەڵات شێوە و فۆرمێکی بەرنامە بۆ دارێژراو و ڕێکوپێکی وەرگرت. سەدەکانی حەڤدە و هەژدە دەبنە لوتکەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ نموونە لە ساڵی ١٧٣٤ جورج سیل قورئان وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی، لە ساڵی ١٧٥٩ (ئانکتیل دوبرن)ی فەرەنسی ئاڤێستا وەردەگێڕێتە سەر زمانی فەرەنسی (شاهمیری، ١٣٨٩:

٥٣ ـ ٥٤) له دوای ئەمە ڕۆژهەڵاتناسی چووە ناو دامودەزگای تایبەتەوە، بە جۆرێک لە ساڵی ١٧٩٥ قوتابخانەی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان لە فەرەنسا دامەزرا و لە ساڵی ١٨٠٤ لە ڕوسیای تزاری لە شارەکانی خارکیف و کازان زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان دەوترانەوە (کریمی، ١٣٩٧: ٣٤). بەڵام بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی بە واتای ئەمڕۆییەکەی، لە ڕووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٧٩ و بۆ یەکەمین جار لە زمانی ئینگلیزیدا بەکارهات، ٢٠ ساڵ دواتریش لە ساڵی ١٣٧٧ لە فەرەنسا بەکارهات. لە فەرهەنگستانی فەڕەنساش لە ساڵی ١٨٣٨ فەرمیەتی بە وشەی ڕۆژهەڵاتناسی بەخشی، لەو کاتە بە دواوە زاراوەی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ گشت ئەو بوارانەی کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوەکردن لە سەر ڕۆژهەڵات، بەکاردێت. ئێدوارد سەعید چوار هۆکاری سەرەکی بۆ گەشەسەندن و فراوانبوونی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەدەی هەژدەم دیاریدەکات، کە بریتین لە: یەکەم: گەشەسەندن و فراوانبوونی ئەوروپا و دزەکردنی بۆ ناو ڕۆژهەڵات. دووەم: بەراوردی مێژوویی، واتە زانیارییەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی کە لەلایەن جورج سیل و ئێدوارد گیبسونەوە خراونەتەروو، دەخرێنە بەرانبەر ڕۆژئاوا. سێیەم: حەز و خولیای ڕۆمانتیکی بۆ ڕۆژهەڵات لای هەندێک نووسەری وەک هێردر، موتزارت، بایرون و ئەوانی تر. چوارەم: پۆلێنکردنی گرووپەکانی مرۆیی بۆ نموونە لای سروشتناسی سویدی لینە کە لە ساڵی ١٧٥٨ مرۆڤی بە سەر چوار جۆر دابەش کرد: مرۆڤی (ئەمریکایی، ئەوروپایی، ئاسیایی، ئەفریقایی) (سعید، ١٣٦١: ٨ ـ ٩). ئەم ڕەوتە مێژووییەی ڕۆژهەڵاتناسی لە سەدەی (١٨, ١٩, ٢٠) دا لەگەڵ فراوانبوونی داگیرکاریی ڕۆژئاوا گەیشتە لوتکەی لەبەرئەوەی لەو کاتەدا وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە هەوڵی پاوانخوازیی داگیرکاریاندا بوون و بۆ ئەم مەبەستەش کەوتنە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی کۆی پێکهاتە و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات و نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بە مەبەستی داگیرکردنیان و سەپاندنی هەژموون و باڵادەستییان.

ڕۆژهەڵاتناسی بە درێژایی ئەو ڕەوتە مێژووییەی خۆی بە مەبەستی پێناسەکردنی ڕۆژئاوا لە هەوڵی ناسینی ڕۆژهەڵاتدا بووە، بەو واتایەی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی خۆی بە شێوەیەکی ئەرێنی پێناسە بکات هەوڵیداوە ڕۆژهەڵات بە دیوێکی نەرێنی پێشانبدات و پێناسە بکات بۆ ئەوەی خۆی بەرانبەری ڕۆژهەڵات دابنێت و لەم بەرانبەرییەدا بتوانێت خۆی بە باڵاتر و بە ئەرێنی بناسێنێت، بۆیە دەکرێت بڵێین ((ئامانجی ڕۆژهەڵاتناسی لە دیدێکی گشتیدا بریتییە لە پێناسەیەکی ئەرێنی لە خودیەتی نەتەوەیی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، لە بەرانبەر کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان، ئەمەش ئەو بەرانبەرییەیە کە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دەخاتە بەرانبەر یەک و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژئاوا گشت ڕەفتار و سیفەت و ئاکاری خراپ و نەرێنی کە ناخوازێت، خەڵک لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا پەسەند و قبوڵیان بکەن و حەز ناکەت ئەو جۆرە سیفەتانە لە ئەواندا هەبن، دەداتە پاڵ ڕۆژهەڵات  و بە خەیاڵی خۆی گشت ئەم سیفەتانە لە ئەواندا دەبینێت)) (ترابی، ١٣٩٤: ٣٩) بەمەش ڕۆژهەڵات دەبێتە داهێنراوی ڕۆژئاوا کە ڕۆژئاوا بە بەرانبەرێتی لەگەڵی بەو شێوەیەی کە خۆی ویستویەتی خۆی ناساندووە و پێناسەکردووە. لەم ڕێگەیەشەوە شەرعیەتی بە خۆیداوە کە هەر جۆرە دەستدرێژییەکی سەربازی یان ئابووری کە ببێتە مایەی سوود و قازانج بۆی بکاتە سەر ڕۆژهەڵات.

ڕۆژهەڵاتناسی بە درێژایی ڕەوتە مێژووییەکەی خۆی لە هەوڵی هێنانەدی و دروستکردنی دوو دونیای جیاواز و دوو جەمسەری جیاواز و دژ بە یەک بووە، کە ئەوانیش جەمسەری ڕۆژهەڵات و جەمسەری ڕۆژئاوان، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک تێڕوانین و وێنای نەرێنیی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمهێناون وەکو ناشارستانی، خورافی، نەزان و دواکەوتوویی… تاد، لە بەرانبەریشدا بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک دید و وێنایان سەبارەت بە خۆیان بەرهەمهێناوە وەکو شارستانی و عەقلانی، پێشکەوتوو… تاد. لێرەشەوە ((دەکرێت لەوە تێبگەین کە بە هەبوونی ئەو

جۆرە بۆچوونانە بۆچی لە لێکۆڵینەوەکانی سەر بە ڕۆژهەڵات تا ئەو ڕادەیە تەنانەت لە گەشبینترین حاڵەتدا، خەیاڵی و ڕەمزاوی دێتە بەرچاو و بە ئاراستەی هەمان سیستەم و پێکهاتە دوو جەمسەرییەدا، میللەت بوونی ڕۆژئاواییەکان و قەبیلەبوونی ئێمە، ئاین و بیروباوەڕی ئەوان و خۆرافاتی ئێمە، کلتووری ئەوان و فۆلکلۆری ئێمە، بە دوای جۆرە پێش داوەرییەکی بنچینەیی، خودی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە بڕیارە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی نایانناسێت لە ڕێگەی ڕەوتی زانستی بناسێت و لێی تێبگەت، دەگۆڕێت بۆ بابەتی بێنرخ و پەراوێز)) (خلیلی،١٣٩٣ :  ٧٩ ـ ٨٠) ئەم دید و تێڕوانینە لە لای ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ڕۆژهەڵات شتێکی تا ڕادەیەک سەرتاپاگیرە و لای بیرمەند و فەیلەسوف و ئەکادیمیستەکانیشیان دەبینرێت بۆ نموونە ((ئەو بۆچوونە ناسراو و جێداخەی هیگڵ کە لە ساڵەکانی ١٨٢٢ ی میلادیدا لە بارەی نائەوروپاییەکان دەربڕدراوە بەم ناونیشانەی کە "ئەفریقا بەشی نامێژوویی جیهان"، نموونەیەکی ناسراو و زۆر کۆنە لە ئەوروپا سەنتەری و ناوەندگەرایی ڕۆژئاواییەکان، کە مێژووی بەشێک لە شارستانیەتی مرۆڤایەتی بە نزیکەی سی و یەک ساڵ پاش ئەم بۆچوونە تا ئێستاش لە شوێنێک وەستاوە، کە هیگڵ لێی وەستابوو و بیروبۆچوونی وایە کە شارستانیەتی وەکو هیند بێ مێژووە و مێژووی نییە و یەکێک لە باشییەکانی داگیرکاری ئینگلستان ئەوەیە کە ئەم نیمچە دوورگەیە لە گۆشەنیگای مێژووی ڕۆژئاواوە بگێڕێتەوە)) (شاهمیری، ١٣٨٩: ٧١) هەمان ئەم تێڕوانینەش لای ڕۆژهەڵاتناسی بواری زانکۆیی (برژە)ش دەبینرێت. ئەو لە بۆچوونێکدا سەبارەت بە ڕەگەزی سامی دەڵێت ((سامییەکان هیچ کات کلتووریان خەڵق نەکردووە دونیای سامی تا ڕادەیەک هەژار بووە، کە ئیتر هەرگیز سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاناکێشێت)) (خلیلی، ١٣٩٣: ٨٣)  ڕۆژئاواییەکان هەر بۆ ئەم مەبەستە زانستیشیان خستووتە گەڕ لە ڕاستیدا لە ڕۆژهەڵاتناسیدا شتێک کە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە تێیدا زانست و دەسەڵات یەک دەگرن و

گوتارێک سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمدەهێنن و ئەم گوتارەش دەچێتە خزمەت داگیرکاریی ڕۆژئاوا، لە هەمان کاتدا ڕۆژهەڵاتناسی کە زیاتر شتێکی خەیاڵییە و بەرهەمی بیر و هزر و ڕوانین و خەیاڵی ڕۆژئاواییەکانە سەبارت بە ڕۆژهەڵات نەک خودی واقعی ڕۆژهەڵات، وەکو زانست دەخرێتەڕوو و نیشاندەدرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە پاساو بۆ داگیرکاریی خۆیان بهێننەوە و بۆ داگیرکردنی خاک و سەرزەمینی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات شەرعیەت بە خۆیان بدەن.

بێگومان کاتێک گریمانە و وێنا پێش وەختەکانی وەک پەراوێز، سەرەتایی و کۆچەر، بێ مێژوو... تاد. سەبارەت بە ڕۆژهەڵات لەئارادابن، ئەمە نەک تەنیا دەرفەتی گفتوگۆ و لێکنزیکبوونەوە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا فەراهەمناکات، بەڵکو بە بیانووی یەکسانکردن و بەرەوپێشبردنی ڕۆژهەڵاتییەکان، لە ناویان دەبەن. لەم ڕووەوە ڕۆژهەڵاتناسی دوو ئامانجی سەرەکیی پێکاوە: یەکەمیان: شەرعیەتی دەستێوەردان و دەستدرێژیکردنی بە ڕۆژئاواییەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵات داوە. دووەمیان: ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی هەبوونی دەسەڵات و زانست پروپاگەندە و گوتارێکیان سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمهێناوە، لە ڕێگەیەوە وێنایەکیان بۆ نەوەی نوێی وڵاتە داگیرکراوە (ڕۆژهەڵاتییەکان) جێهێشتووە، کە کلتوور و شارستانیەتی ڕۆژئاوایی جیهانییە و ڕۆژهەڵات هەمیشە لە پەراوێزی ئەوان دەمێنێتەوە و ژیان دەکات، بۆیە دەبێت ئەوان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان هێزی کاری هەرزان بن و بە کەمترین مافەکانی هاوڵاتی ڕازی ببن (خلیلی، ١٣٩٣: ٨٢). لە دنیای ئەمڕۆماندا ئەم دید و تێڕوانینانە لای تاک بە تاکی ڕۆژهەڵات دەبینرێت و باوەڕێکی سەد لە سەدی پێیان هەیە و هەمیشە خۆی بە ژێردەست و بچووکتر و کەمتر بەرانبەر ڕۆژئاواییەکان دەبینێت، ئەمەش وایکردووە ئەگەر لە ئێستادا لە ژێر داگیرکاریی ڕاستەوخۆی ڕۆژئاواییەکان نەبین، ئەوا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی ئەوانداین و داگیرکراوین، لە

ڕاستیدا داگیرکاریی نویش هەر لەم ڕێگایەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

## ٢.١ ئێدوارد سەعید بیرمەند و لێکۆڵەری بواری ڕۆژهەڵاتناسی

ئێدوارد سەعید نووسەر و ڕەخنەگری ئەمریکی بە ڕەگەز فەڵەستینی لە ساڵی (١٩٣٥) لە ئۆرشەلیم لە خێزانێکی دەوڵەمەندی مەسیحی-عەرەب لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ئۆرشەلیم و خوێندنی ناوەندی لە قاهیرە تەواوکردووە، دواتر چووەتە ئەمریکا و لەوێ چووەتە زانکۆی پرینستۆن و لە ساڵی (١٩٥٥) لە بواری ئەدەبیاتی بەراورددا بەکالۆریۆسی بەدەستهێناوە و لە هەمان ساڵدا بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە زانکۆی هارڤارد و لە ساڵی (١٩٦٠) لەو زانکۆیە بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوە: لە ساڵی (١٩٦٤)دا بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. دواتر بووەتە مامۆستای زانکۆ و لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیۆرۆک خەریکی وانەگوتنەوە بووە و تا کۆتایی تەمەنی لە هەمان زانکۆ ماوەتەوە. سەعید هەریەکە لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی بە تەواوی زانیوە و شارەزایی لە زمانەکانی ئیسپانی و ئەڵمانی و لاتینیش هەبووە، سەعید بە کتێبەکەی جۆزێف کۆنڕاد هاتۆتە ناو دونیای ڕۆشنبیری و بە درێژایی ژیانی نزیکەی (٢٠) کتێبی جدی نووسیوە، کە وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانەکانی دونیا، بە تایبەتی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی). جیا لەمە سەعید گوتاری لە زیاتر لە دوو سەد زانکۆ لە (ئەمریکا، ئەورووپا، ئەفریقا، ئاسیا)دا هەبووە و وەکو مامۆستای میوان بانگهێشتی زانکۆکانی (ییل، هارڤارد، جان هایلینز کەمبریج، تورنتو کالج فرانسە) کراوە، سەعید لە ساڵی ٢٠٠٣ بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە (شیرزادی، ١٣٨٨: ١٦٢ـ ١٦٣).

ئێدوارد سەعید بە هۆی هەستی غەریبی و بێگانەیی و ناسنامە فرە لایەنەکەی خۆی کە پێکهاتووە لە ناسنامەی فەڵەستینی، ئەمریکی،

عەرەبی، مەسیحی، بە درێژایی تەمەنی ئازاری چەشتووە. خۆی لە شوێنێکدا دەبینی کە نەدەبوایە لەوێ بێت، خۆزگەی بە شوێنێک دەخواست کە دەبوایە لەوێ بێت، بەڵام نەیدەتوانی لەوێ بێت (حسین زاده، ١٣٩٤: ٣٨)، دواجار ئەم هەستی غەریبی و فرە ناسنامەییە بوو، کە بوونە بنەمایەکی سەرەکی بۆ سەرهەڵدانی بیر و هزرەکانی.

ئێدوارد سەعید لە دوای خۆی کۆمەڵێک بەرهەمی بە جێهێشتووە، کە بەسەر دوو دەستەدا دابەشدەکرێن. دەستەی یەکەم ئەو بەرهەمانەن کە بابەتەکانی سیاسی و جوگرافی و ئایدۆلۆژین، گرنگترینیان بریتین لە ڕۆژهەڵاتناسی (١٩٧٨)، پرسی فەڵەستین (١٩٧٩) و سەبارەت بە ئیسلام (١٩٨١). دەستەی دووەمیان ئەو بەرهەمانەن کە بابەتەکانیان زیاتر ئەکادیمی و کلتوورین، گرنگترینی ئەو بەرهەمانە بریتین لە: سەرەتاکان (١٩٧٥)، جیهان، دەق و ڕەخنەگر، کلتوور و ئیمپریالیزم. لە کۆی ئەو بەرهەمانەی ئێدوارد سەعید، کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی گرنگترینیان و بەناوبانگترینیانە، چونکە بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە لە کۆڕە زانستی و زانکۆییەکاندا بە تایبەت لە نێوان ڕۆژهەڵاتناسان و ئیسلامناسان شۆڕشێکی هێنایەکایەوە و ڕەخنە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لە ڕۆژهەڵاتناسیدا کۆمەڵێک تێڕوانین و بۆچوون سەبارەت بە ڕۆژهەڵات لە جیهاندا باوکراون و کراونەتە پاساوێک بۆ ئامانجە داگیرکارییەکانی خۆیان و دروستکردنی ڕۆژهەڵاتێکی نوێ کە خۆیان مەبەستیانە. سەعید لەم کتێبەدا بە وردی ئەم بیرۆکانە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە (شاهمیری، ١٣٨٩: ٢٠٤)، ئەو لەم کتێبەدا ئەو بێگوناهییە لە ڕۆژهەڵاتناسی دەستێنێتەوە کە تەنیا بوارێکی زانستی و ئەکادیمی بێت بۆ لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی، بەڵکو ئەو بەدەر لەو واتا گشتییە چەند واتایەکی تر بە چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی دەبەخشێت.

لای ئێدوارد سەعید ڕۆژهەڵاتناسی سێ واتا دەگەیەنێت، کە هەرسێکیان پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە:

١- ڕۆژهەلاتناسی لە واتای یەکەمدا بوارێکی ئەکادیمییە، لێکۆڵینەوە لە شارستانیەت و خەڵکانی ڕۆژهەلاتی لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەکو مێژوو، کۆمەڵناسی، زمانەوانی، مرۆڤناسی، سیاسی و ئەدەبی... تاد دەکات. لێکۆڵەرەکە بە ڕۆژهەلاتناس و بواری لێکۆڵینەوەکەش بە ڕۆژهەلاتناسی دەناسرێت.

٢- ڕۆژهەڵاتناسی لە واتای دووەمدا چەمکێکی گشتگیرترە لەوەی پەیوەستبکرێت بە بواری ئەکادیمییەوە، لێرەدا ڕۆژهەڵاتناسی جۆرە شێوازێکی هزرییە کە لەسەر بنەمای جیاوازیی دەروونناسی و مەعریفەناسیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادایە، بە واتایەکی تر ئەو جیاوازییەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە باری جوگرافییەوە نییە، بەڵکو شێوازێکی تێفکرینە بۆ کۆمەڵێک نەریت و کلتوور و ناوچە کە خۆیان ناویان ناوە ڕۆژهەڵات و لە بەرانبەر کلتوور و نەریتی ڕۆژئاوایی دایانناوە و لەسەر بنەمای ئەم تێفکرینە دژایەتی لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دروستکراوە.

٣- ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە جۆرە شێوازێکی ڕۆژئاوایی کە پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی دەسەڵات و نوێکردنەوەی پێکهاتە و باڵادەستی بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە (ساعی، ١٣٨٥: ١٤٦-١٤٧). کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتناسی سیاسەت و ستراتیژێکە کە وەکو ئامرازێک لە دەست ڕۆژئاوادایە بۆ سەپاندنی دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر ڕۆژهەڵاتدا و داگیرکردنی خاک و سەرزەمینی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی، دواجار بە مەبەستی بونیادنانەوە و بەرەوپێشبردنی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی.

سەعید لە ڕاڤەکردن و ئاشکراکردن و ڕەخنەگرتن لە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی سوودی لە بۆچوونەکانی (میشێل فۆکۆ، ئەنتۆنیۆ گرامشی، میخایل باختین و تیۆدۆر ئەدۆرنۆ) وەرگرتووە (شاهمیری، ١٣٨٩: ٢٠٤-٢٠٥. رضائی، ١٣٩٦: ٤٤). بەڵام بە پلەی یەکەم کاریگەرە بە بۆچوونەکانی گرامشی و بە تایبەتی تر بۆچوونەکانی فۆکۆ. لێرەدا هەوڵدەدەین کاریگەریی بۆچوونەکانی هەریەکە لە فۆکۆ و گرامشی لەسەر سەعید بخەینەڕوو:

لێکنزیکییەکی زۆر لە نێوان سەعید و فۆکۆوە هەیە. سەعید بە هەمان شێوەی فۆکۆ هەروەک دۆلۆز دەڵێت پشکنەری ئەرشیفە، لەو ئەرشیفە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندیی بە ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. بە هەمان شێوە کە فۆکۆ لەناو فایلەکانی دەقی پەیوەست بە شێتەکان و نەخۆشەکان و تاوانبارەکان خەریکی لێکدانەوەیە. لە ڕاستیدا کاری سەعیدیش پەیوەندی بە ئەرشیفێک لەو دەقانەوە هەیە. مەسەلەی دەسەڵات ـ زانست لە گرنگترین باسە تیۆرییەکانی فۆکۆ دەژمێردرێن. لە بارەی ئێدوارد سەعیدیشەوە دەتوانرێت بگوترێت کە ئەویش لە پێگەی مرۆڤ بەڵام لە شوێنێک لە ڕووی جوگرافیاییەوە جیاواز و لە گوتارێکی تایبەتدا دەکۆڵێتەوە. بابەتی سەرەکیی سەعیدیش هەمان دەسەڵات و زانستە. ئەو لەو بابەتە دەکۆڵێتەوە کە چۆن لە دڵی کۆمەڵێک دەقی بە ڕواڵەت گێڕانەوەی گەشتیاران، چیرۆکەکان، شیعر و هەواڵەکانی ڕۆژئاوا لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە، زانستێکی یەکگرتوو بە ناوی ڕۆژهەڵاتناسی پەیدادەبێت و چۆن لە ناخی ئەو زانستەوە کە بانگەشەی ناسینی خۆی دەکات، ژێردەستی سەرهەڵدەدات. زانستی ناوبراو بۆ کەرەستەکانی یان ئامرازەکانی کۆنترۆڵ، ڕێکخستن، ڕێکوپێکیی بەڕێوەبردن، بەڕێوەبەری و بابەتەکانی لەو جۆرە دەگۆڕێت (انصاری و درودی، ١٣٩٣: ٨).

بیر و هزری فۆکۆ لە بارەی گوتار و دەسەڵات بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی کارکردنی سەعید لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا. لە ڕوانگەی فۆکۆوە ((گوتار پێکهاتەیەکە کە تێیدا جیهانی کۆمەڵایەتی دەستکرد و ناڕاستەقینەیە وەکو ئۆبجێکتی دانایی (ابژە دانایی) چاودێری دەکرێت. ئەو پێیوایە دەسەڵات و زانست لە گوتاردا بە یەک دەگەن. لێکۆڵینەوەی گوتار لە لێکۆڵینەوەی دەسەڵات، واتە سیستەم و زاڵبوونی ڕێکخراو لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی، جیاناکرێتەوە)) (مورتون، ١٣٩٢: ١٣٦). هەر لەم بارەیەوە فۆکۆ پێیوایە هەرچەندە گوتارەکان بە ڕواڵەت گرنگی بە زانست دەدەن، بەڵام هەمیشە چەسپێنەر و جێگیرکەری پەیوەندیی هێز و دەسەڵاتن، دەسەڵاتێک کە زیاتر لە هەر شتێک لە خزمەتی خۆیدایە. بە بۆچوونی ئەو ئێمە بە خەیاڵی خومان وەکو بوونێکی زیندووی سەربەخۆ بۆ ئامانجەکانمان سوود لە هێز و دەسەڵات وەردەگرین، لە کاتێکدا لە حەقیقەتدا ئەو هێز و دەسەڵاتە لە ڕێگەی ئێمەوە کاری پێ دەکرێت نەک بۆ ئێمە، ئێمە تەنیا کۆمەڵێک ڕۆڵین لە ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتدا. (شاهمیری، ١٣٨٩: ٢٠٥) بۆیە فۆکۆ پێیوایە زانست و دەسەڵات دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و هەمیشە زانست لە خزمەتی دەسەڵاتدایە. ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت لای فۆکۆ زانست و دەسەڵات یەک واتا دەگەیەنن، بەڵکو ئەمانە دوو شتی لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لەبەرئەوەی لای فۆکۆ ئەم دوو چەمکە ئەوەندە وابەستەی یەکتر کراون کە هەندێک کەس پێیوایە زانست و دەسەڵات یەک واتا دەگەیەنن.

سەعید لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی فۆکۆدا لە هەوڵی شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدایە و وەکو خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: ((ڕۆژهەڵاتناسی بریتییە لە جۆرە شێوازێکی ڕۆژئاوایی لە پەیوەندی بە دروستکردنی دەسەڵات، نوێکردنەوەی بونیاد، هەبوونی فەرمانڕەوایی و باڵادەستی لە سەر ڕۆژهەڵات. من بۆ دیاریکردنی شوناسی ڕۆژهەڵاتناسی سوودم لەو چەمکە وەرگرتووە، کە میشێل فۆکۆ

له شوێنەوارناسی زانست و هەروەها لە سیستەم و سزا لە بارەی ئامۆژگاری و وتاردان خستوویەتیەڕوو)) (شاهمیری، ١٣٨٩: ٢٠٦). سەعید نەک تەنیا سوودی لە گوتار و دەسەڵاتی فۆکۆ وەرگرتووە، بەڵکو پێیوایە کە تەنیا ڕێگا بۆ ناسینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەو بوارە گوتارییەیە کە فۆکۆ بۆ دیاریکردنی پەیوەندیی دەسەڵات بەکاریهێناوە، چونکە ئەو پێیوایە لە پێکهاتەی ئەو چوارچێوە گوتارییەی کە دەتوانرێت چۆنیەتیی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی کلتووری ڕۆژئاوای ئەوڕووپایی و هەروەها بەرهەمهێنانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی بە سوودوەرگرتن لە ئامرازەکانی ئایدۆلۆژی، میلیتاری، زانستی و کۆمەڵناسی بناسێنن (مظفری و دیگران، ١٣٩٦: ٢٢). سەعید بە خستنەڕووی مودێلی ڕۆژهەڵاتناسی توانی (ڕاڤەی سیستەمە گوتارییەکانی دەسەڵات و زانستی فۆکۆ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا) بەرەو پێشەوە ببات و فراوانتری بکات (مورتون، ١٣٩٢: ١٣٦). بە واتای ئەوەی کە ئەگەر ئێدوارد سەعید لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسییەکەی خۆیدا بە سوودوەرگرتن لە سیستەمە گوتارییەکەی فۆکۆ توانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕاڤەبکات و شیبکاتەوە و ئەوە نیشانبدات کە ئەم گوتارە پێکهاتەیەکە لە پەیوەندیی زانست و دەسەڵات و دواجار دەچێتە خزمەت دەسەڵاتەوە. ئەوە سەعید توانیی ئەو ڕاڤەیەی فۆکۆ لە کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییدا کردبووی و تێیدا پەیوەندیی زانست و دەسەڵاتی سەلماندبوو، سەعید توانی بەو ڕاڤەیە ئەو نیشاندانەی پەیوەندیی دەسەڵات و زانست لە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا، سیستەمە گوتارییەکەی فۆکۆ زیاتر بەرەوپێشەوە ببات و فراونتری  بکات.

لە ژێر کاریگەریی سیستەمە گوتارییەکەی فۆکۆدا، سەعید لە شیکردنەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا لەوە دەکۆڵێتەوە کە سەرجەم دەقە ڕۆژئاواییەکان کە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە نووسراون، چۆن ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی نیشانە خەیاڵکردەکانیان (وەکو ئەوەی لە ڕۆمانەکاندا دەبینرێت) یان بەهۆی گێڕانەوە بە ڕواڵەت واقیعییەکانیان (وەک ئەوەی لە

هەواڵەکانی ڕۆژنامە و گەشتنامەکاندا هەیە)، یاخود بە پێی ویست و داواکانیان لە سەر بنەمای زانستەکەیان مێژوو و کلتووری ڕۆژهەڵاتی (وەک ئەوەی لە کتێبی مێژوویی، مرۆڤناسیەکان و نووسینەکانی تردا) هەیە وێنادەکەن. هەموو ئەو جۆرە دەقە ڕۆژئاواییانەش جۆرە گوتارێکی فۆکۆیی پێکدەهێنن. (سجادی،١٣٨٤: ٣٢٦) بە واتایەکی تر سەعید ئەوە دەخاتەڕوو کە ((هەوڵی ڕۆژئاوا بە تێڕوانینی فۆکۆیی بە نیازی بەرهەمهێنانی گوتارێکە لە سەر بنەمای زانست، لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە هەوڵدەدات لە پێناو ئامانج و مەبەستەکانی خوی کاربکات. بەم پێیەش گوتاری ڕۆژئاوا لە بارەی ڕۆژهەڵات هەمیشە لە خزمەتی دەسەڵات و هەژموونیدا بووە)) (ملایی و دیگران، ١٣٩٦: ١٠٠ ـ ١٠١). کەواتە بە بۆچوونی سەعید هەموو جۆرە نووسراو و دەقێکی ڕۆژئاوایی شان بە شانی یەکتر و بەیەکەوە جۆرێک لە گوتار بەرهەمدەهێنن لە بارەی ڕۆژهەڵات، دواجار ئەم گوتارەش دەچێتە خزمەت دەسەڵاتی داگیرکاریی ڕۆژئاواوە.

سەعید لە بۆچوونەکەیدا سەبارەت بە باڵادەستیی ئارەزوومەندانە لە ژێر کاریگەریی بۆچوونەکانی گرامشیدایە و پێیوایە ڕۆژهەڵاتناسی یان هەمان گوتاری ڕۆژئاوا لە بارەی ڕۆژهەڵات، هەمیشە لە خزمەت ئامانجەکانی باڵادەستی (هێژموونیک)دایە. گرامشیٚ هێژموونی بە دەسەڵاتی سەرچاوەگرتوو لە ڕەزامەندی دەزانی، کە بە سوودوەرگرتن لە ڕەزامەندیی خەڵک سەرکوتیان دەکات و دەیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ئەم جۆرە باڵادەستییەش لە ڕێگەی کلتوورەوە جێبەجێدەکرێت، چونکە ئەوان لەو باوەڕەدان کە برەو بە کلتووری هاوبەش و بیٚ لایەن دەدەن کە لە حەقیقەتدا ئامانج و مەبەستەکانی لە پشت حەشاردراوە. خەڵکی ژێر دەسەڵاتیشیان بە قبوڵکردنی ئەو کلتوورە و ڕازیبوون پێی لە سەرکوتکردنی خۆیاندا بەشدار دەبن. لە ئەنجامدا جۆرە باڵادەستییەکی

نەرم و نیان دێتەکایەوە، کەواتە ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕووی مێژوویییەوە دوو ئامانج لەخۆدەگرێت (بێرتێنز، ٢٠١٥: ٣٤٨ ـ ٣٤٩):

یەکەمیان/ بریتییە لەوەی کە شەرعیەتی بە داگیرکاری و فراوانخوازیی ڕۆژئاوایی بەخشیوە.

دووەمیان/ بریتییە لەوەی کە بە شێوەیەکی لەناکاو خەریکی ڕازیکردنی خەڵکی ڕەسەن و خوماڵی بووە کە کلتووری ڕۆژئاوایی ناسێنەری شارستانیەتی جیهانییە.

بە بڕوای زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بواری تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، ئێدوارد سەعید بە بناغەدانەری تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە شێوە ئەمڕۆییەکەی دادەنرێت. هەرچەندە ئەو خۆی بە هیچ شێوەیەک زاراوەی پۆست کۆلۆنیالیزمی بەکارنەهێناوە، بەڵام بە چاپکردنی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی) لێکۆلینەوە پۆست کۆلۆنیالییەکان بە شێوە ئەمڕۆییەکەی دەستیان پێکرد (کولایی و پازوکی زادە، ١٣٩٠: ٦٩ ـ ٧٠). چونکە ڕەگ و ڕیشەی لێکۆڵینەوە پۆست کۆلۆنیالییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە چاپکردنی کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی)ی ئێدوارد سەعید، وەک لێکۆڵینەوەکانی ئەدەبیاتی نەتەوە هاوبەرژەوەندییەکان و نووسەرانی پۆست کۆلۆنیالیزمی وەک فرانتس فانون، ئێدوارد برت ویت، ویلیام هەریس، چینوا، چەبە و وول سوئیکا، دواتر ئەم ڕەگ و ڕیشانە لە لایەن ڕەخنەگرانی پۆست کۆلۆنیالیزم پەرەی پێدراوە و ئێدوارد سەعید بە چاپکردنی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی و بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەیەوە بووەتە بونیادنەری تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم و سەرەنجی ڕەخنەگرانی تری پۆست کۆلۆنیالیزمی بۆ ئەم بابەتە ڕاکێشاوە و بوونەتە هۆکاری فراوانبوون و گەشەسەندنی ئەم بوارە تیۆرییە. (رضائی، ١٣٩٦: ٤٤ ، برتنز، ١٣٩٦: ٢٥٩). هەروەها سەعید خۆشی

له چاوپێکەوتنی (نوێبوونەوەی ڕۆژهەڵاتناسی) دانی بەوە داناوە، یەکەم کەس نەبووە، کە لە سەرزەنشتکردنی ڕۆژهەڵاتناسی بە شێوازی ڕۆژئاوایی قەلەمی لەدەستگرتووە، بەڵام هۆکاری ئەوەی کە ئەو بووە بونیادنەری تیۆرەکە بە شێوە ئەمڕۆییەکەی و سەرکەوتنی بە سەر نووسەرانی پێش خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لە کتێبەکەیدا گۆڕانکاری لە بواری ئەدەبیاتدا هێنایەکایەوە و زەمینەی بۆ تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم ڕەخساند (پورقریب، ١٣٩٤: ٨٧). کەواتە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسیی ئێدوارد سەعید بووتە بناغەیەک بۆ تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە شێوە ئەمڕۆییەکەیدا ئەگەرچی ئێستا وەک دەقێکی کلاسیکیی تیۆری سەیر دەکرێت. کلاسیک بە مانا کۆنییەکەی نا، بەڵکو بە واتای ئەوەی کتێبێکی بنەڕەتی و سەرەکییە بۆ ئەم تیۆرە و لە ڕاستیدا کاریگەریی زۆری هەبوو لە سەر پێناسەی چەمکی ڕۆژهەڵاتناسی و بووەتە سەرچاوەیەکی دیار بۆ بابەتی پۆست کۆلۆنیالیزم و ڕەچەشکێن بووە لە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ دەقەکانی ڕۆژئاوایی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات.

سەعید لە پێشەکیی کتێبی ڕۆژهەڵاتناسییەکەی خویدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕۆژهەڵات کەم تا زۆر داهێنانێکی ڕۆژئاوایی بووە. وەک دەڵێت: ((ڕۆژهەڵات یارمەتیی ئەوڕووپا یا ڕۆژئاوای داوە کە خۆی لە ڕووی شێوە و کەسایەتی، ئەزموون بە شێوەی خاڵی بەرانبەر ڕۆژهەڵات پێناسە بکات، بەم پێیەش هیچ بەشێک لە ڕۆژهەڵات بە تەواوی خەیاڵکرد نییە. ڕۆژهەڵات بەشێکە لە شارستانیەت و کلتووری مادی ئەوڕووپا)) (ساعی، ١٣٨٥: ١٤٥ - ١٤٦) بە واتایەکی تر ئەو پێیوایە ڕۆژهەڵات بەرهەمی ڕۆژئاوایە و ئیمپراتۆریەتە داگیرکەرەکانی ڕۆژئاوا بە مەبەستی ناساندنی خۆیان ڕۆژهەڵاتیان وەکو ئەوی تر بەرهەمهێنا. بۆ ئەم مەبەستەش لە کتێبەکەیدا بە دوای ئەو ڕێگە و شێوازانەوەیە کە ڕۆژئاوا

گرتوونەتیەبەر بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری ڕۆژهەڵاتی بەم شێوەیەی کە خۆی حەزی لێیە. لە ڕاستیدا ڕۆژهەڵاتناسی جۆرە هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی ڕۆژهەڵات و لە ڕێگەی ئەو بەرهەمهێنانەی ڕۆژئاوا توانیویەتی وێنەی دڵخوازی خۆی لە سەر ڕۆژهەڵات بەرهەمبهێنێت و بە خودی ڕۆژهەڵاتییەکانیش بیفرۆشێتەوە. واتە ڕۆژئاواییەکان خۆیان ناسنامەیەکیان بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان دروستکردووە بە خودی ئەوانیشیان فرۆشتووتەوە. تاوەکو لەم ڕێگەیە درێژە بە داگیرکاری و باڵادەستیی خۆیان بە سەر ڕۆژهەڵاتدا بدەن (مطلب زاده، ١٣٩٦: ٦٠ ـ ٦١). دواجار ڕۆژئاوا لە ڕێگەی داهێنانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و ئەو پێناسەیەی کە لە بارەی ڕۆژهەڵاتەوە بە دەستەوە دەدات خۆی پێناسە کردووە و لەم پێناسەیەدا پێگەیەکی باڵاتر بە بەراورد لەگەڵ ڕۆژهەڵات بە خۆی دەبەخشێت و پێگەیەکی نزمتر بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵات بۆ ((ئەوی تر)) دەگۆڕێت و دەیخاتە پەراوێزەوە. کەواتە لە هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لە بارەی ڕۆژهەڵات نووسراون ڕۆژئاوا لە سەنتەر و ڕۆژهەڵات لە پەراوێزدایە (رضائی، ١٣٩٦: ٤٥). واتا ((ڕۆژهەڵات لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوا بەرهەمهاتووە و بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی لەگەڵیشی وەسف کراوە. سەعید وا لێکیدەداتەوە کە ئەو وڵاتە داگیرکراوانە بە جۆرێک وەسف و باسکراون کە ئەوانی سووکدەکرد، وێنەیەکی نەرێنی لێیان لە پلەی ئەوی تردا وێنا دەکرد تاکو وێنەیەکی ئەرێنیی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگەی بەریتانیا دروست بکات)) (میلز، ١٣٩٨: ١١١ ـ ١١٢). لە سەردەمی ئێستاکەشدا ئەم ناسنامەیەی کە ڕۆژئاواییەکان بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی دروستیان کردووە کاریگەریی تەواوی لە سەر تاکی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان هەیە. واتە ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی ئەو ناسنامە و وێنانەی لە بارەی تاکی ڕۆژهەڵاتی و کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لە جیهاندا باویان کردووە. توانیویانە وا لە تاکی ڕۆژهەڵاتی بکەن کە هەمیشە لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا هەست بە کەمی بکات و خۆی لە ئەوان بە کەمتر سەیر بکات، کەسێکی بێئیرادە و بێتوانا بێت

دواجار توانای داهێنان و پێشکەوتنی نەبێت. لە بەرانبەردا وایان لە تاکی ڕۆژئاوایی کردووە بە پێچەوانەی تاکی ڕۆژهەڵاتی هەست بە باڵایی بکات و هەمیشە توانا و ئیرادەی هەبێت بۆ داهێنان و پێشکەوتن، لە ئەنجامی ئەمەدا دەبینین ڕۆژئاواییەکی پێشکەوتوو و ڕۆژهەڵاتێکی دواکەوتوو بەرهەمهاتوون.

ئێدوارد سەعید لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسیدا ئەوە دەخاتەڕوو کە دەقە ڕۆژئاواییەکان چۆن بە درێژایی مێژوو بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەم کە (لوتکەی داگیرکاریی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بوو لە سەر ڕۆژهەڵات، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی) ڕۆژهەڵاتیان ناساندووە و وێناکردووە. بۆ ئەم مەبەستەش سەعید هەموو دەقێکی کردۆتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی لەوانە لێکۆڵینەوە فەرەنسی و ئینگلیزییەکان، دەقی ئەدەبی و نامیلکە سیاسییەکان و دەقە ڕۆژنامەگەرییەکان، کتێبە گەشتەنامەییەکان، لێکۆڵینەوە فەلسەفی و ئاینییەکان ... (برتنس، ١٣٨٤: ٣٢٥ ـ ٣٢٦) سەعید لە لێکۆڵینەوە لەو دەقانەدا لە هەوڵی ئاشکراکردنی گوتاری پشت ئەو دەقانەدایە و دەیەوێت بچێتە ئەو دیوی ئەو گێڕانەوانەی ئەم دەقانەی لە بارەی ڕۆژهەڵات بەرهەمهاتوون و هۆکارەکانی پێکهاتنی ئەم جۆرە گێڕانەوانە بخاتە بەر دیدی خوێنەران. سەعید بۆ نیشاندانی ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای درۆ و خەیاڵ ڕۆژهەڵات و کلتووری ڕۆژهەڵاتی بەرهەمهێناوە، ڕۆژئاوا لەم بەرهەمهێنانەشدا وا وێنایان کردووە کە ڕۆژهەڵات ناتوانێت خۆی بەڕێوەببات و هەمیشە دەبێت کەسێک هەبێت بەڕێوەیببات، هیچ کات لە هیچ یەکێک لە قۆناغەکانی مێژوودا ناگۆڕێت و هەمیشە ژێردەست دەبێت. ئەم جۆرە وێناکردنەش بۆ ئەو مەبەستە بووە کە کلتووری ڕۆژهەڵاتی بۆ کلتوورێکی ژێردەست بگۆڕن و تاوەکو بتوانن کۆنترۆڵی بکەن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیان (رضائی، ١٣٩٦: ٤٦). واتە سەعید پێیوایە کە ڕۆژئاواییەکان بە جۆرێک گوزارشتیان لە ڕۆژهەڵات کردووە کە کۆمەڵە

خەڵکانێکن ناتوانن خۆیان بەڕێوەببەن و نوێنەرایەتیی خۆیان بکەن، بەڵکو دەبێت هەمیشە دەسەڵاتێک هەبێت نوێنەرایەتییان بکات و بەڕێوەیان ببات، کە مەبەست لەم دەسەڵاتەش ڕۆژئاواییەکان خۆیانن، لە هەمان کاتدا ئەوان وا وێنای ڕۆژهەڵات دەکەن کە ڕۆژهەڵات ئەزەلی و ئەبەدییە، بە واتا نامێژووییە، واتە ئەوان پێیان وایە ڕۆژهەڵات ناتوانێت لەگەڵ قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی مێژوو ڕێ بکات و هەنگاو بنێت. بە جۆرێک بۆ نموونە ڕۆژهەڵاتی سەدەی چواردە لە کرۆک و جەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی سەدەی بیستەمدا نییە. بە گشتی ئەوان پێیانوایە ڕۆژهەڵات لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕە.

جیا لەو وێنایانەی سەرەوە سەعید پێیوایە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کۆمەڵێک وێنای تری سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمهێناوە وەک ئەوەی ڕۆژهەڵاتی بە کۆمەڵێک سیفەتی وەک دیکتاتۆر، عاتفی، ناعەقلانی، ژنانە، وەحشی، دەشتەکی، چەقیو، نەفام و گەوج، سەرەڕۆ، دواکەوتوو دەناسێنێت. لە بەرانبەردا ڕۆژئاواش بە کۆمەڵێک سیفەتی پێچەوانەی وەک دیموکرات، عەقلانی، پیاوانە، پێشکەوتوو، شارستانی، زیرەک و بە توانا ناسێندراوە. وەک دەبینین لەم وێناکردنانەشدا ڕۆژهەڵات بە تەواوی نەرێنی ڕۆژئاواش بە تەواوی ئەرێنی پیشاندراوە. بەم پێیەش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەک دوانەی لێکدژ ناسێنراون، لەم دوانە لێکدژانەشدا ڕۆژهەڵات بە (ئەوی تر) و ڕۆژئاوا بە (خود) پێناسە کراوە. ڕۆژهەڵات لە چینی خوارەوەیە و پەراوێزخراوە ڕۆژئاواش وەکو چینی باڵاتر و سەرتر بە سەنتەر هەژمارکراوە (کولایی و پازوکی زادە، ١٣٩٠: ٧٠ ـ ٧١). لەم وێناکردنانەشدا جیاوازیی نێوان نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان نەکراوە و هەموو کلتووره ناڕۆژئاواییەکانیان بە ڕۆژهەڵات ناوبردووە و بە یەک چاو سەیریان کردوون و وێنایان کردوون، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەو کلتوورانە لە یەکتر جیان و سەربەخۆن و هیچ وێکچوونێک لە نێوانیاندا

نییە. کەواتە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی دژایەتییەکی دوو لایەنە لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا دروستدەکات، ڕۆژهەڵات نوێنەرایەتیی تەواوی ئەو شتانە دەکات کە ڕۆژئاوا نییە بە جۆرێک هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەتوانین لە ڕۆژهەڵات ئەزموونی بکەین و دەرفەتی بینین و تاقیکردنەوەمان هەیە لە ڕۆژئاوادا دەرفەتی بینین و ئەزموونکردنی ئەو شتانەمان نییە، بە پێچەوانەشەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵات دروستکراوێکی کلتووری و سیاسی و ئایدۆلۆژییە نەک جوگرافی. هەموو ئەو وێناکردن و ناسینانەی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتییەکان بەرهەمیانهێناوە لە سەر بنەمای واقع بەرهەمنەهاتوون، دوورن لە ڕاستی و واقعیەت و حەقیقەت پیشانناندەن، بەڵکو بە تەواوی وێناسازییە نەک شیکردنەوە و لێکدانەوەی سروشتی وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان. بۆیە سەعید بۆ نیشاندانی خەوشداریی ناسینی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵات ئەو کلێشە و قاڵبانە دەخاتەڕوو کە ڕۆژهەڵاتیان پێ وێناکردووە. کلێشە و قاڵبەکان واقعیەت دەشێوێنن و خەوشداری دەکەن و وێنەیەک لە واقع بەرهەمدەهێنن کە لەگەڵ پەیوەندییەکانی دەسەڵات گونجاو بن و یەک بگرنەوە. وێنای کلێشەیی لە ڕۆژهەڵات نەک تەنیا کاریگەری لە سەر جۆری دیدی ڕۆژئاواییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتییەکان کردووە، بەڵکو خودی ڕۆژهەڵاتییەکانیش وێنەی خویان لە ئاوێنەیەکدا بینیوە کە ڕۆژئاوا دەستکاری کردووە. (مطلب زادە، ١٣٩٦: ٦١) ئەم وێناکردنانە و بەرهەمهێنانی ئەم گوتارە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات دواجار بۆ ملکەچکردن و بەسووکسەیرکردنی ڕۆژهەڵاتە و شەرعیەتدانە بە داگیرکردنی خاک و سەرزەمینی ڕۆژهەڵات لە لایەن ڕۆژئاواییەوە تەنانەت ئەم گوتارە لە سەردەمی ئەمڕۆشدا لە خزمەت هەژموون و دەسەڵاتی ڕۆژئاوادایە ئەگەر داگیرکاری ڕاستەوخۆ کۆتایی هاتووە. ئەوا ڕۆژئاواییەکان لە ڕێگەی ئەم گوتارەی کە بەرهەمیانهێناوە توانیویانە دەست بە سەر وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بگرن و لە فۆرمێکی تردا داگیریان بکەن.

سەعید پێیوایە هەموو ڕۆژهەڵاتناسێک هزری ئەوروپا سەنتەری هەیە و پێیوایە تەنانەت ئەو گرووپە لە ڕۆژهەڵاتناسەکان کە بە ئاشکرا لایەنگریی میللەتە ڕۆژهەڵاتییەکان و کلتوورەکەیانن ناتوانن بە تەواوەتی بە سەر بیر و تێڕوانینی ئەوروپا سەنتەری خویاندا زاڵ بن و بەشێوەیەکی نەخوازراو لە باڵادەستیی ڕۆژئاوا بەشدارن. (سجادی، ١٣٨٤: ٣٢٧) تەنانەت ئەو پێیوایە مارکسیش فکرەی ئەوروپا سەنتەری بەسەریدا زاڵە ئەو وتەیەی مارکس بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ((ئەوان ناتوانن نوێنەرایەتی خویان بکەن، دەبێت نوێنەرایەتی بکرێن)) (سعید، ٢٠١٨: ٢٥). سەعید ئەو وتەیەی مارکس کە بە نموونە دەهێنێتەوە مەبەستی ئەوەیە کە بڵێت مارکسیش وەکو ڕۆژهەڵاتناسێک کەوتووتە داوی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و هەڵگری هەمان ئەو بیر و هزرە ئەوروپاسەنتەرییەیە کە لە بارەی ڕۆژهەڵات لە ئارادا بوون، چونکە ((مارکس لەو تێکستانەدا کە لە سەر هیند و لە سەر ڕۆڵی ئیمپریالیزم لە هینددا دەیاننوسێت، لەو فیکرەیەوە دەستپێدەکات کە ڕۆڵی ئیمپریالیزم، سەرەڕای ڕەهەندە توند و تیژ و نائینسانییەکەی، ڕۆڵێکی شۆڕشگێڕانە و قابیلی ستایشە. چونکە ئیمپریالیزم کۆمەڵگا "داخراو" و "چەقبەستووە" خۆرهەڵاتییەکان لەو سستی و بێ مێژوویی و دووبارەبوونەوە ئەبەدییە کە تیایاندا چەقیون ڕزگار دەکات، ئیمپریالزم ئەم کۆمەڵگا "تەمەلانە" لە بێ مێژوویی ڕزگار دەکات و دەیانگێڕێتەوە بۆ ناو مێژوو)). (قانیع، ٢٠١٣: ١٠٨) لێرەدا سەعید مەبەستی ئەوەیە وا وێنا بکات کە گوتاری ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات گوتارێکی یەک دەست و سەرتاسەرییە بە واتای ئەوەی هیچ جیاوازییەک لە نێوان هیچ ڕۆژهەڵاتناسێکدا نییە و هەموویان لە هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی یەک گوتارن سەبارەت بە ڕۆژهەڵات. دواجار ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە سەعید لە کۆمەڵێک بۆچوون بکەوێتە هەڵەوە و کۆمەڵێک کەموکورتی لە کتێبی ڕۆژهەڵاتناسیدا هەبن.

**بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا**

وەک لە بەشی پێشوودا خستمانەڕوو، گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی گوتارێکە کار لە سەر بەرهەمهێنانی تێڕوانین و جیهانبینییەک سەبارەت بە دونیای ناڕۆژئاوایی دەکات، دونیابینییەک کە بتوانن لە ڕێگەیەوە وێنەی دڵخوازی خۆیان سەربارەت بە ڕۆژهەڵات و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی بەرهەمبێنن، لە ڕێگەی ئەم گوتارەوە پێناسەی ڕۆژهەڵات دەکەن و دەیناسێنن و ناسنامەیەکی بۆ دروستدەکەن، دواجار لە ڕێگەی پێناسە و ناساندنی ڕۆژهەڵات خۆیان پێناسە دەکەن و خۆیان لە بەرانبەری ڕۆژهەڵات دادەنێن، بێگومان لەم ناساندنەشدا ڕۆژئاوا لە پێگەیەکی بەرز و باڵادایە و بە شێوەیەکی ئەرێنی وەسف دەکرێت و دەردەکەوێت، لە بەرانبەریشدا ڕۆژهەڵات لە پێگەیەکی نزمدایە و بە شێوەیەکی نەرێنی وەسفدەکرێت. ڕۆمانی هوتێل ئەورووپا گوزارشتە لە ژیانی پەناهەندەیی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی لە دونیای ڕۆژئاوایی، شانۆی ڕووداوەکان فەرەنسا و بە گشتی ڕۆژئاوایە، کە تێیدا بەریەککەوتنی کلتووریی خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی تێدا ڕوودەدات، لەمەشەوە کۆمەڵێک وێنا و دید و تێڕوانینی دژ و پێچەوانە سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبن، کە ڕەنگدانەوە و درێژەپێدەری گوتار و ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسییانەن، ئەگەرچی لە هەندێ شوێنی ڕۆمانەکە دژ کردەوە و وەستانەوە بەرانبەر بەم گوتارە دەبینرێت، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاستێکی ئەوتۆدا نییە. لێرەدا ئەو وێنا و ڕوانگە ڕۆژهەڵاتناسییانەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەرجەستە بوون دەیانخەینەڕوو:

## ١.٢ بەرانبەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

یەکێک لە کارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی، کە لە ڕێگەیەوە مەبەست و ئامانجی خۆی بەدەستدێنێت، دروستکردن و بنیاتنانی دوو جەمسەری دژ و پێچەوانەی یەکە، ڕۆژهەڵاتناسی زۆر بە ڕژدی کار لە سەر دابەشکردنی جیهان بۆ دوو دونیای جیاواز و دژبەیەک دەکات، کە ئەوانیش دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوان، ئەم گوتارە لە دونیادا لە هەوڵی باوکردنی ئەم تێگەیشتنە و تێڕوانینەدایە، کە هەریەکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دوو دونیای جیاوازن و نوێنەرایەتی دوو کلتووری جیاواز دەکەن، لە دیدی ڕۆژئاواییەکان هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەتوانین لە ڕۆژهەڵات ببینین و ئەزموونی بکەین هیچ کات دەرفەتی بینین و ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی ئەو شتانەمان لە ڕۆژئاوادا نییە، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. بێگومان لەم دابەشکارییەشدا ڕۆژهەڵات بە نەرێنی و ڕۆژئاوا بە ئەرێنی وەسفدەکرێت. لە ڕاستیدا ڕۆمانی هوتێل ئەوروپاش لە هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدایە و کار لەسەر دابەشکردنی دونیا بە سەر دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات، لە کۆی ڕۆمانەکە خەڵک و خاک و سەرزەمینی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی وەک دوو دوانەی دژ و پێچەوانەی یەکتر دەردەکەون، کە لەخۆگری خەڵک و کلتوور و نەریتی جیاوازن، لە ڕۆمانەکەدا لە چەندین شوێن ئەم دابەشکارییەی دونیا بە سەر دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبینین و هەریەکەیان لە پلە و پێگەیەکی جیاوازدا جێدەگرن. لێرەدا تەنیا چەند نموونەیەک بۆ نیشاندانی ئەوە دەخەینەڕوو کە ئەم دابەشکارییە بە ڕوونی لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆ نموونە ((من لەو دەمەدا بیرۆکەیەک هات بە خەیاڵمدا و ویستم پێی بڵێم: "ڕۆژهەڵات هەمیشە پێویستی بە ئەوروپا هەبووە. چ قەیدییە")) (پیربال، ٢٠١٧: ١٢٢ - ١٢٣). لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکەدا تێگەیشتنێکی تری نزیک لەمە هەیە ((من لەو دەمەدا بیرۆکەیەکی فەلسەفی هات بە خەیاڵما و ویستم پێی بڵێم:

"ئەوروپا هەمیشە پێویستی بە ڕۆژهەڵات هەیە. خۆ ڕۆژهەڵاتیش پێویستی بە ئەوروپا هەیە")) (پیرباڵ، ٢٠١٧: ١٠١)، بە هەمان شێوە لە شوێنێکی تری ڕۆمانەکە جەخت لە جیاوازی و وەکیەکنەبوونی مرۆڤ و کلتوور و نەریتی ڕۆژهەڵاتی دەکاتەوە ((ئێمەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، کاتێ دێینە ئەوروپا، بەس نییە تەنیا ڕۆژهەڵاتی بین.

من دەمزانی مەبەستی محەمەدی حاجی زادە ئەوە بوو کە بڵێت (وەختێ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دێتە ئەوروپا، پێویست وایە خۆی لەگەڵ نەریتی ئەوروپا بگونجێنێت و فێر ببێت وەک ئەوان بیر بکاتەوە)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٥٨).

خستنەڕووی ئەم نموونانە لێرەدا بۆ ئەوە نییە ئەوە بخەینەڕوو کە لەم نموونانەدا ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چۆن وێناکراون، بەڵکو وەکو پێشتر گوتمان تەنیا بۆ پیشاندان و پێشچاوخستنی ئەوەیە وەک چۆن گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی کار لە سەر دروستکردنی دوو دونیای جیاواز دەکات، ئەم ڕۆمانەش هەمان گوتار بەرهەمدەهێنێتەوە، چونکە ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین دەبینین دونیا دابەشی سەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کراوە، کە هەریەکەیان لە جەمسەرێکدا جێدەگرن و هەریەکەیان نوێنەرایەتیی خاک و خەڵک و کلتوور و ... تاد جیاواز دەکەن. لە حەقیقەتدا ئەمە خۆبەخۆ داننانە بەو تێگەیشتنەی ڕۆژئاوا کە لە دونیادا باویان کردووە و ڕەنگدانەوەی هەمان گوتاری ڕۆژهەڵاتناسانەیە لە ڕۆمانەکەدا.

**٢.٢ڕۆژئاوای هونەردۆست و ڕۆژهەڵاتی بێ هونەر**

یەکێک لەو دوانە لێکدژانەی کە بەرهەم و لێکەوتەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسین، وێناکردنی ڕۆژئاوایە وەک سەرزەمینی هونەر و ئەدەب

و ڕۆشنبیری، خەڵکانی ڕۆژئاوایی خەڵکانێکن کە هونەردۆستن و نرخ و بەهای هونەر لای ئەوانە و ئەوان لە گرنگیی هونەر تێدەگەن و نرخی دەزانن، ئەمەش وێناکردنی ڕۆژئاوایە وەک میللەتانێکی خاوەن شارستانیەت، چونکە شارستانیەت بەبێ هونەر ناکامڵ و ناتەواوە، لە بەرانبەریشدا وا وێنای ڕۆژهەڵات دەکەن، کە میللەتانێکی بێ هونەرن و نرخ و بەهای هونەر نازانن، بە جۆرێک هونەر جێگە و پێگەیەکی لە ژیانی ڕۆژهەڵاتیەکاندا نییە، جیا لەمە ئەگەر ڕۆژهەڵاتییەکان خاوەنی هونەریش بن. ئەوانە هونەرەکەیان لە ئاستێکی ئەوتۆ و باڵادا نییە، ئەمەش دەلالەتە لەوەی کە میللەتانی ڕۆژهەڵات خەڵکانێکی ناشارستانین و هونەر نەبووە بە بەشێک لە پێناس و ناسنامەیان. ڕۆمانی هوتێل ئەروپاش خەریکی نیشاندانی ڕۆژئاوایە وەک هونەردۆست و لە بەرانبەریشدا نیشاندانی ڕۆژهەڵاتێکی بێ هونەر ((ئاغای فەرهاد ... من پێم سەیرە ڕەسمکردنی پۆرتریتێک لە پاریس ئەم هەموو پارەیەی پێ دەدرێ!

فەرەحناز خانم ڕووی کردە حاجی زادە:

- ئاغای حاجی زادە، لە ئەوروپا نرخی تابلۆ هەر ئەسڵەن زۆر زۆر گرانە وەک لای خۆمان نییە

- دەزانم.

فەڕەحناز خانمی خزمی حاجی زادە وەک ئەوەی ڕێنوێنی بکا بۆ باشتر تێگەیاندنی کولتور و ژیان لە فەڕنسا "چونکە خۆی چەند ساڵێک لە پێشترەوە لە فەڕەنسا ژیابوو":

- تابلۆی وا هەیە نرخی دەگاتە پەنجا هەزار دۆلار.

مورتەزاش هەر ڕووی لە حاجی زادە:

ـ ئینجا سەیر لەمەدایە، تابلۆی وا هەیە لە چەند تۆپەڵە ڕەنگێک و لە چەند خەتێک زیاتر هیچی تری تێدا نابینرێ.

حاجی زادە وەڵامی هەردووکیانی بە جارێک دایەوە:

ـ ئەمەش جۆرێکە لە پارە بە هەدەردان و بێ عەقڵییەکانی دیکەیان)) (پیربال، ٢٠١٧: ٦٦ ـ ٦٧)

فەرهاد کە کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەشە خۆی و چەند هاوڕێیەکی تری کوردی لە پاریس دەژین و نیگارکێشن، بەشێک لە داهات و بژێویی ژیانیان لە ڕێگەی هونەرەوە بەدەستدێنن، ئەمەش دەلالەتێکی قووڵی لە پشتە کە لە ڕۆژئاوادا نرخ و بەهای هونەر بە جۆرێکە کە دەتوانی لە ڕێگەی دەستمایەی هونەرەوە بژیت. ئەم نموونەی سەرەوەش گفتوگۆیەکی نێوان فەرهاد و فەرەحناز خانم و مورتەزا و محەمەدی حاجی زادەیە، نیشاندەری هەمان تێگەیشتن و تێڕوانینی ڕۆژهەڵاتناسییە بۆ ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. لەم نموونەیەدا بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت، کە هونەر لای ڕۆژئاواییەکان نرخ و پێگەیەکی بەرزی هەیە و بەشێکە لە چێژی ژیانکردنیان، ئەوە ڕۆژئاواییەکانن کە نرخ و بەهای هونەر دەزانن و لە مانای هونەر تێدەگەن، لە بەرانبەریشدا ڕۆژهەڵات و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی بە جۆرێک دەردەکەون کە ئەسڵەن نە لە مانای هونەر تێدەگەن و نە هیچ نرخ و بەهایەکیشی لای ئەوان هەیە، چونکە محەمەدی حاجی زادە، کە لە سەرەتای ڕۆمانەکە زۆر بە توندی وابەستەی کلتوور و نەریتی ڕۆژهەڵاتە و هێشتا وەک پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکانی تر بە ڕۆژئاوایی نەبووە، لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتیی کلتووری ڕۆژهەڵاتی دەکات، دید و تێڕوانینی تاکی ڕۆژهەڵاتیمان سەبارەت بە هونەر نیشاندەدات کاتێک پێی سەیرە خەڵکی ڕۆژئاوایی پارە لە کڕینی بەرهەمە هونەرییەکان خەرجدەکات، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەمە پارە بەهەدەردانە، تەنانەت ئەمە بە کارێکی ناعەقڵانی دەزانێت، ئەمەش

گوزارشتە لەوەی کە هونەر لای تاکی ڕۆژهەڵاتی بەشێک نییە لە چێژ و خۆشیی ژیان و هونەر شوێنێک لە ژیانی تاکی ڕۆژهەڵاتی داگیرناکات.

لە ڕۆمانەکەدا نەک تەنیا ڕۆژهەڵات وەک سەرزەمینێکی بێ هونەر و تاکی ڕۆژهەڵاتییش وەک کەسێکی بێ سەلیقە و بێ چێژی هونەری وێنا دەکرێت، بەڵکو ئەو هونەرەی کە هەشیەتی لە دیدی ڕۆژئاواییەکانەوە بە هونەرێکی دواکەوتوو و کەم سەیردەکرێت و هیچ کات بە هاوئاست و هاوشانی هونەری ڕۆژئاوا لەقەڵەمنادرێت، ئەمە بە ڕوونی لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و مسیۆ لووسیانا بەدەردەکەوێت، کاتێک مسیۆ لووسیانا بە فەرهاد دەڵێت: ((گوتی: چونکە چەنێک لە نیگارکێشاندا شارەزا و بلیمەتیش بیت، هەرگیز ناتوانیت کێبڕکێ لەگەڵ ئەم گەورە هونەرمەندانەی ئەوروپا بکرێت کە بلیمەتی و هونەرەکەیان لە کەسانی وەک داڤینشی و پیکاسۆوە بۆ ماوەتەوە!)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٧٢) میسۆ لووسیانا درێژەی پێدەدات و دەڵێت: ((تۆ هەرگیز ناتوانیت ناسنامەی خۆت و ناسنامەی کورد لە ڕێگەی نیگارکێشانەوە بگەیەنیتە ئەوروپا، چونکە ئێوەی کورد هەرگیز ناتوانن لە ڕووی هونەرییەوە مونافسە لەگەڵ ئەوروپا بکەن)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٧٢ ـ ١٧٣). کەواتە لە دیدی ڕۆژئاواوە هونەری ڕۆژهەڵاتی هونەرێکی کەم بایەخە و شایەنی بەراوردکردن لەگەڵ هونەری ئەوروپا نییە، چونکە ئەوان خاوەن هونەرێکی ئەوەندە ئاستبەرز و پێشکەوتوون کە هیچ کات هونەری ڕۆژهەڵاتی پێی ناگات، داڤینشی و پیکاسۆ بناغەیەکی وایان بۆ هونەری ڕۆژئاوایی داڕشتووە، کە سەرچاوە و ئیلهامی هونەرمەندانی دواتریشە، بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ناکرێت ئەمانە (داڤنشی و پیکاسۆ) ببنە سەرچاوە و ئیلهامی داهێنان و بەرهەمی هونەرمەندە ڕۆژهەڵاتییەکان و هونەری ڕۆژهەڵاتیش بگاتە ئاستی هونەری ڕۆژئاوایی؟! بێگومان ئەمە پەیوەندیی بە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و بەرهەمهێنانی ئەو دید و تێڕوانینە نەرێنییەوە هەیە کە ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمدێنێت، بۆیە ئەمە شتێکی نەبڕاوەیە کە هونەری

ڕۆژهەڵاتی چەند پێشکەوتوو و ئاست بەرزیش بێت هێشتا لە دیدی ڕۆژئاواییەکانەوە لە پێگەیەکی نزم جێدەگرێت. ئەمە لە قسەکانی مسیۆ لووسیانا زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت کاتێک بە فەرهاد دەڵێت چەند شارەزا و بلیمەتیش بیت هێشتا بە هونەرمەندانی ڕۆژئاوا ناگەی.

## ٣.٢ ڕۆژئاوای دیموکراسی و ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆر

لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە، ڕۆژهەڵات سەرزەمینی نادادی و نایەکسانی و سیستەمی حوکمڕانی دیکتاتۆر و زاڵمانە و توندڕەوە، لە ڕۆژهەڵاتدا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر فەرمانڕەوایی وڵات دەکات و هیچ ئازادی و سەربەخۆییەک نییە و هەموو دەنگە ناڕازی و ئازادیخوازەکان تێیدا کپکراون و هیچ کەسێک مافی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروڕای نییە، لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆر، ڕۆژئاوای دیموکراسی هەیە کە هەموو تاکێک تێیدا ئازاد و سەربەخۆیە و خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیەتی، ڕۆژئاوا سەرزەمینی عەداڵەت و دەسەڵاتێکی حەکیمانە و میانڕەو وڵات بەڕێوەدەبات، کە هیچ زوڵم و توندڕەوی و ستەمکارییەکی لێ ناوەشێتەوە. ئەم ڕۆمانە هەمان وێنا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەرهەمدێنێتەوە، کاتێک گفتوگۆ لە نێوان فەرهاد و مسیۆ لووسیانا لە بارەی دۆخ و گوزەرانی مرۆڤ لە دنیای ڕۆژهەڵاتی دەکرێت لەوێدا لووسیانا زۆر بە ڕاشکاوی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە دکتاتۆر ناو دەبات ((بۆ ئەوەی لە قسەکانم بە هەڵە تێ نەگەی، دەمەوێ پێت بڵێم کە پرسیارەکەت مانایەکی دیکەشی هەیە، وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە وانەی ئێوەشەوە، سیستەمێکی تۆتالیتار و دکتاتۆر بەڕێوەیان دەبەن. وایە؟

تەماشای ناو چاومی دەکرد و چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی منی دەکرد. گوتم: وایە)) (پیربال، ٢٠١٧: ٨١). ئەم ڕوانینە بۆ حوکمڕانی وڵاتە

ڕۆژهەڵاتییەکان تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە، کە هیچ تروسکاییەک بۆ ژیانکردن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناهێڵێتەوە، چونکە وا وێنا دەکات کە ئەم وڵاتانە زیندانێکن و جگە لە زوڵم و لەسێدارەدان و بەندیخانە هیچ شتێکی تری بۆ تاکەکانی خۆی پێ نییە، ئەمە نەک تەنیا بۆ ئەو کەسانە وایە کە دژی دەوڵەتن و دەنگی نارەزایی هەڵدەبڕن، بەڵکو بۆ ئەوانەش کە لایەنگری دەوڵەتن و گوێڕایەڵی یاسا و دەستوور و فەرمانەکانی دەوڵەتن، ئەمە لە بۆچوونەکانی کارەکتەری سەرەکی فەرهاد ڕەنگدەداتەوە کاتێک بیر لە ژیانی محەمەدی حاجی زادە دەکاتەوە، کە لە ئێران (خەلعی لیباس) کراوە جلی مەلایەتی لێ سەندراوەتەوە و ئاوارەی فەرەنسا کراوە و لە دەست کۆماری ئیسلامی  ئێران ڕایکردووە. فەرهاد دەڵێت: ((ڕاکردن لە دەست زوڵم و لە سێدارەدان و بەندیخانە و دکتاتۆرییەتی دەوڵەت، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە دیندار و مەلا و پابەندی نەریتەکانن ... چ سەفەرێکی سەخت و بە ئازارە؟

ئەم ڕاکردن لە دەست زوڵم و ئیعدامی ناو وڵات چۆن دەتوانی، تەنانەت سەرتاپای ئیمان و بۆچوون و ڕەوشت و باوەڕەکانیشت سەرەوژێر بکاتەوە!)) (پیربال، ٢٠١٧: ١١٨)

کاتێک ڕۆژهەڵات بەم شێوەیە وێنادەکرێت لە بەرانبەریشدا ئەوروپا پێچەوانەکەیەتی و هیچ یەکێک لەم ڕوانگانەی سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دەخرێنەڕوو سەبارەت بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نابینرێت، ئەمەش لە قسەکانی لووسیانا بەدەردەکەوێت لەو گفتوگۆیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، لووسیانا زۆر بە باوەڕبەخۆبوونەوە بە فەرهاد دەڵێت: ((ئەمە مانای وایە کە ئەوروپاییەکان خۆیان ئەوروپای خۆیان دروست کردووە، ئێوەش دەبێت خۆتان ئەوروپایەک بۆ خۆتان لە سەر خاکی خۆتان دروست بکەن)) (پیربال، ٢٠١٧: ٨١)، ئەم ئەوروپایەی کە لووسیانا وەسفیدەکات و دەیەوێت هەمان ئەوروپا و ئەزموونەکەی لە ڕۆژهەڵات دروستبکرێت و

دووباره ببێتەوە، ئەوروپای دیموکراسییە. ڕاستییەکە لێرەدا نامانەوێت ئەوە بڵێین ئێران یا هەر وڵاتێکی تری ڕۆژهەڵاتی لە حەقیقەتدا دیکتاتۆر و زاڵمن یان نا؟ ئەمە باسێکی دیکەیە، مەبەستەکە ئەوەیە ئەمە ڕوانگەی ڕۆژئاواییەکانە بۆ خۆیان و ڕۆژهەڵاتییەکان، کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەوپەڕی دیموکراسیدان، وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیش لوتکەی دکتاتۆریەتن و هەر بەم چاوەش سەیریان دەکەن.

## ٤.٢ ڕۆژئاوای مرۆڤدۆست و ڕۆژهەڵاتی مرۆڤکوژ

لە تێڕوانینی ڕۆژئاواییەکانەوە ڕۆژهەڵات سەرزەمینی بێزرخکردن و بێبەهاکردنی مرۆڤە، سەرزەمینی کوشتنی خەونەکانە، لە ڕۆژهەڵاتدا مرۆڤەکان خاوەنی شکۆ و کەرامەت نین، ڕۆژهەڵات شوێنێک نییە کە ژیانێکی شایستە و سەربەرزانە بە تاکەکانی خۆی ببەخشێت، بە جۆرێک بێبەشن لە هەرە سەرەتاییترین مافەکان، تەنانەت ڕۆژهەڵات مرۆڤ پیسدەکات و بەها مرۆڤایەتییەکانی لێ دادەماڵێت. لە دیدی ڕۆژئاواییەکان لە پاڵ ڕۆژهەڵاتی مرۆڤکوژ ڕۆژئاواییەکی مرۆڤدۆست هەیە، کە سەرزەمینی بەدیهاتنی خەونەکانی مرۆڤە، مرۆڤ تێیدا خاوەنی شکۆ و شەرەف و کەرامەتی خۆیەتی، هەرچی بەها مرۆڤایەتییەکانن ئێمە دەتوانین لە ڕۆژئاوادا ئەزموونی بکەین و ببینین. ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا نیشاندەرەوەی هەمان ئەم دیدگا ڕۆژهەڵاتناسییانەیە و ڕۆژهەڵاتێک پێشچاودەخات کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی هیچ بەهایەک نییە. لە ڕۆمانەکەدا لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و مسیۆ لووسیانا پرسی ژیان و گوزەران و پێگەی مرۆڤ لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان دێتە بەر باس کاتێک لووسیانا لە فەرهاد دەپرسێت ! ((تۆ هەشت مانگان لە ئێران ژیاوی ...؟ هەستت بە چی کرد؟ ئاخۆ مرۆڤ ... لەوێ باشتر دەژی یان لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا؟...

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەکرێ پرسیارێک لە جەنابت بکەم؟

- بێگومان

- گوتم: ژمارەی ئەو مرۆڤە ڕۆژهەڵاتییانەی لە وڵاتانی ئەوروپا دەژین لە چاو ئەو مرۆڤە ئەوروپییانەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا دەژین، چەندە؟ وەک شتێک بەر سەری کەوتبێت، گوتی: چی؟

گوتم: بۆچی لە هیچ وڵاتێکی موسڵماندا دوو پەناهەندەی ڕۆژئاوایی نابینین؟

...

- ئەمە لە کاتێکدا تەنیا لە وڵاتێکی وەکو دانیمارک کە ژمارەی دانیشتوانەکەی پێنج ملیۆن کەسە، یەک ملیۆن تەواوی خەڵکی دانیمارک بە ئەسڵ پەناهەندەن!)) (پیربال، ٢٠١٧: ٨١). لێرەدا ئەم بەرانبەرییەی پێگە و بەهای مرۆڤ لە دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا نیشاندەدرێت، کە مرۆڤ ڕۆژهەڵاتی لە سەرزەمینی خۆی هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، بۆیە بە ناچاری سەری خۆی هەڵدەگرێت و ڕووە و ڕۆژئاوا کۆچ دەکات ((خۆ منیش دەزانم، هەڵبەتا. مرۆڤ لای ئێوە ئەگەر باشتر بوایە، تۆ بۆچی پەنات دەبردە بەر ئەوروپا؟!)) (پیربال، ٢٠١٧: ٨٢). چونکە لە ڕۆژئاوادا دەتوانیت ژیانێکی شایستە و سەربەرزانە بژیت، هەر لەبەر ئەمەشە کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی قەت بە خەیاڵیشیدا نایەت کۆچ بەرەو ڕۆژهەڵات بکات و لەوێدا بژیت، لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگای خۆی خاوەنی هەموو شتێکە لە هیچی کەم نییە. ئەم ڕوانگەیە لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و محەمەدی حاجی زادەشەدا ڕەنگیداوەتەوە:

((ویستم پێی بڵێم "باشە ئەگەر ڕاستە، کەواتە تۆ بۆچی، بۆ خۆت هەر لە ئێران نەمایتەوە و ڕات کردە ئەم ئەوروپایە؟" لە ڕووم نەهات تەنانەت پێشی بڵێم "خۆ هیچ نەبێ ئەوروپا ئەمەتا باوەشی بۆت

کردووەتەوە و هیچت لێ ناکات، کەچی وڵاتی خۆت، لە وڵاتی خۆت دەری کردیت و ئاوارەی کردووی".

ئاوهام پێی نەگوت، گوتم

من باوەڕ ناکەم ئەوروپا ئەو ناڕەواییە دەرحەق بە هاوڵاتییانی خۆی بکات کە عێراق و کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە هاوڵاتییانی خۆیان دەکەن)) (پیربال، ٢٠١٧: ٦٢). کەواتە لێرەدا لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاودا لە خاڵی بەرانبەر و دژ و پێچەوانەی یەکتر دەوەستن، ڕۆژئاوایەک کە نەک تەنیا ڕێز لە تاکەکانی خۆی دەگرێت، بەڵکو پەناگەیەکیشە بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کە لە سەرزەمینی خۆی هیچ پێگە و بەهایەکی نییە و خاوەن ژیانێکی شایستە نییە ((ڕۆژێک بیرم لە محەمەدی حاجی زادە دەکردەوە، لە دڵی خۆمدا گوتم: تۆ تەماشاکە، مەلایەکی ئۆپۆزسیۆن، پیاوێک کە هێندەش شانازی بە ئێرانیبوونی خۆیەوە دەکرد و هێندەش نەریتی ئیسلام و ڕۆژهەڵاتییانەی لە لا بەرز و پیرۆز بوو، لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، چۆن توانیویەتی ئاوها وردە وردە ئاوارەی بکات و وێڵ و سەرچیغ بەناو ژیانی تووڕەهاتی پاریسدا وەندا و سەرگەردانی بکات لە پێناو لوقمە نانێکدا!)) (پیربال، ٢٠١٧: ١١٨).

ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە تاکی ڕۆژهەڵاتی مافی ئازادی و ڕادەربڕین و ژیانێکی شایستەی نییە، ڕۆژهەڵات ناتوانێت ببێتە پەناگەیەکی ئارام بۆ تاکەکانی خۆی. نەک هەر ئەمە تەنانەت ڕۆژهەڵات تاکەکانی لە بەها مرۆڤایەتییەکانی دادەماڵێت و دەیانکات بە دز و درۆزن و فێڵباز ... تاد، لە ڕۆمانەکە کاتێک دزێک دەچێتە ئەو هوتێلەی فەرهاد کاری تێیدا دەکات و لە لایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت، دایکی مسیۆ لووسیانا دەڵێت بێگومان دزەکە ناوی محەمەدە، دوای ئەم قسەیەی دایکی، لووسیانا پۆزش بۆ قسەکانی دایکی دەهێنێتەوە نەوەک فەرهاد لێی ڕەنجا بێت، دوای قسەکانی لووسیانا فەرهاد دەڵێت: ((لە دڵی خۆمدا گوتم:

" ئینجا سەدان کەس لەم ئەوروپایە ناویان محەمەد و عەلی و عیسا و موسایە، دایک و باوکیان ئەم ناوانەیان لێناون بۆ ئەوەی پیاوی مەرد و شکۆمەندی وەک پێغەمبەرەکانیان لێ دەربچێت، کەچی ژیان و دەوڵەتانی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتدا زۆربەی ئەو خەڵکانەی ئێمەیان ... ئەمەتا ... کردووە بە دز و پیاوکوژ و حەشیشە کێش و فڕێیان داونەتە سەر شەقامە ئاوارەکانی ئەوڕووپا"."ئەمە پێوەندی بە پێغەمبەرەکانەوە چیە؟")) (پیربال، ٢٠١٧: ٣٧) ئەمە بەرپرسیارەتی ڕاستەوخۆ دەخاتە سەر شانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی کە ئەوان بەرپرسی یەکەمن لە تێکدانی ڕەفتار و ئەخلاقی تاکەکانی خۆیان و ئەوە ئەوانن بەرەو کاری نامرۆڤانە ئاڕاستەیان دەکەن و مرۆڤێکی دوور لە بەها و ڕەوشتە مرۆڤایەتییەکان بەرهەمدەهێنن.

## ٥.٢ ڕۆژئاوای پێشکەوتوو و ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو

بەشێک لە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی وێناکردنی ڕۆژئاوایە وەک سەرزەمینێکی پێشکەوتوو، کە بەردەوام لە گۆڕان و گەشەسەندندایە و هەمیشە جوڵە و دینامیکیەتێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و وەستان و چەقبەستوویی لە توخم و ڕەگەزی ڕۆژئاوادا نییە، هیچ کات ڕووی لە ڕابردوو نییە و بەردەوام لە ئێستادا دەژین و ڕووی لە ئایندەیە. ڕۆژهەڵاتیش بە پێچەوانەوە ئەمە بە سەرزەمینێکی دواکەوتوو و چەقبەستوو، کە هیچ کات ناتوانێت لەگەڵ گەشە و پێشکەوتنی سەردەم هەنگاو بنێت و لە یەک باردا وەستاوە و هەمیشە ڕوو لە ڕابردووە و لە کۆندا دەژیت. ئەم ڕۆمانەش هەمان ڕوانینمان نیشاندەداتەوە:

((من دوای ئەوەی کە ئەم هەموو پێشکەوتنە گەورەیەی لە فەرەنسا ببینم، بە ڕاستی باوەڕ بەوە ناکەم جارێکی دیکە ببڕای ببڕ ڕوو بکەمەوە ئەو دۆزەخەی وڵاتی خۆم. یەکسەر شاعیرێکی تورکی سەردەمی ئیمپڕاتوریەتی عوسمانیم بیرکەوتەوە کە لە دەست سوڵتان عەبدولعەزیز ڕای کردبووە فەرەنسا و بە پەناهەندەیی لە پاریس دەژیا، گوتم:

- زیا پاشا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا لە دێرە شیعرێکدا دەڵێت:

من کە بە سەرزەمینی بێ ئیمانەکاندا تێ پەڕیم

چەندین شار و تەلارم دی

کەچی کە بە ناو مەملەکەتی ئیسلامدا تێ پەڕیم

لە کەلاوە زیاتر هیچی دیم نەدی)) (پیربال، ٢٠١٧: ٣٠ - ٣١). لێرەدا ڕۆژئاوایەکی پێشکەوتوو و خاوەن کۆشک و تەلار و شارستانیەت، لە بەرانبەریشدا ڕۆژهەڵاتێکی دواکەوتوو و وێرانە و کەلاوە و ناشارستانی نیشاندەدرێن، کە تەنانەت خودی ڕۆژهەڵاتییەکان حەزی ژیانکردنیان لە مەملەکەتە کاولبووەکەی خۆیان نییە. لە گفتوگۆی نێوان ساقی گوڵچین و محەمەدی حاجی زادە دووبارە جەخت لە سەر هەمان تێڕوانین دەکرێتەوە، کاتێک گفتوگۆ لە بارەی بابەتی مانەوەی پەیوەندیی خێزانی ژن و مێردایەتیی ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕۆژئاوا دەکەن، محەمەدی حاجی زادە کە پێشتر دژی کلتوور و نەریتی ڕۆژئاوا بوو، دوای ئەوەی کە ئەویش بە ڕۆژئاوایی بووە گۆڕانکاری بە سەر بیروبۆچوونەکانیدا هاتووە، لەم بابەتەدا ڕوانینێکی جیاواز لەوەی پێشوو هەیە، ساقی گوڵچین ئەمەی زۆر پێ سەیر دەبێت و پێی دەڵێت جاران تۆ ئەوها بیرت نەدەکردەوە، حاجی زادەش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: ((جاران تەنیا "کمال الملک"م دەناسی، هێشتا پیکاسۆم نەناسی بوو)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٦٠)، لێرەدا کمال الملک نوێنەرایەتیی ڕۆژهەڵات دەکات و ڕەمزی دواکەوتوویی ڕۆژهەڵاتە و پیکاسۆش نوێنەرایەتیی ڕۆژئاوا دەکات و ڕەمزی پێشکەوتوویی ڕۆژئاوایە، چونکە ئەگەر پێشتر حاجی زادە خاوەن بیرکردنەوەیەکی کۆنەخوازانە بووە، هۆکارەکەی ئەوە بووە وەک خۆی دەڵێت پێشتر تەنیا کمال المک ناسیوە، بەو واتایەی پێشتر تەنیا ئاشنای بیرکردنەوە و نەریت و کلتوورە دواکەوتوو و داخراوەکەی ڕۆژهەڵات

بووە، بۆیە خاوەن ئەو تێگەیشتنە نەریتخواز و کۆنەپارێز و دواکەوتووەش بووە، بەڵام دواتر کە ئاشنای (پیکاسۆ) مەبەست کلتوور و نەریتە پێشکەوتوو و کراوەکەی ڕۆژئاوا بووە، بووەتە خاوەن هزرێکی پێشکەوتنخواز و سەردەمییانە و کراوە. لەم گفتوگۆیەش  کە لە نێوان فەرهاد و حاجی زادە و فەرەحناز خانم و مورتەزا لە بارەی هونەرەوە دەکرێت، حاجی زادە کە هێشتا بە بیرکردنەوەی ڕۆژهەڵاتییانە دەژیت، هەموو تابلۆکانی هونەرمەندە ڕۆژئاواییەکان دەکاتە قوربانی یەک تابلۆی کمال الملک، فەرهاد پێکەنینی بەم قسەیەی حاجی زادە دێت و پێی دەڵێت: ((شێوازی تابلۆکانی "کمال الملک" سەد و دە ساڵ زیاترە لە ئەوروپا کۆتایی پێ هاتووە.

گوتی:

ئەدی ئەمڕۆ چ شتێک مۆدێلە؟

گوتم: مۆدێل ڕۆژ بە ڕۆژ خۆی تازە دەکاتەوە)) (پیربال، ٢٠١٧: ٦٦)، ئەمە وێناکردنی ڕۆژهەڵاتێکی چەقیو و وەستاوە کە نەیتوانیوە هاوشانی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی دنیا ئەویش پێشبکەوێت و هەنگاو بنێت، ڕۆژئاواش بە ناوەندی گۆڕان و پێشکەوتن وەرچەرخان کە هەمیشە لە جووڵە و گۆڕان و خۆنوێکردنەوەدایە، وێناکراوە، جیا لەمە لە ڕۆمانەکەدا تاکی ڕۆژهەڵاتی وا وێناکراوە کە هەر لە ڕابردوودا دەژیت و خەریکی بیرکردنەوەیە لە ڕابردوو. ئەمەش لەو کاتەی لە گفتوگۆ چوارقۆڵییەکە باس لەوە دەکرێت پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان هەر خەریکی قسەکردنن لە سەر ئەوەی کێ زیاتر قوربانیداوە؟ کێ ئازاری زیاتری بە دەست ڕژێمەکەی خواردووە... تاد. لەو کاتەدا فەرهاد دەڵێت: ((ئەوروپا ئەمڕۆ هیچ ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە تۆ ژیانێکی چەندێک سەختت هەبووە و چیت لێ قەوماوە و چیت بە دەست ڕژێمەکەی خۆتەوە دیوە! گرنگ ئەوەیە تۆ ئەمڕۆ چیت؟ دەتەوێت کێ بیت؟ دەتەوێت چی بکەیت؟ ئەمە

گرنگە لای خەڵکی ئەوروپا)) (پیربال، ٢٠١٧: ٥٩)، کەواتە ڕۆژئاواییەکان وەک ڕۆژهەڵاتییەکان لە ڕابردوو ناژین بەڵکو ئەوان خەڵکانێکی ئێستایین و لە ئێستادا دەژین و ڕوویان لە ئایندەیە و ئاوڕ لە دواوە نادەنەوە و بەرەو پێشەوە و دونیای نوێ هەنگاودەنێن.

**٦-٢ ناشرینکردنی ئیسلام**

ناشرینکردن و وەستانەوە دژی ئیسلام و موسڵمانان یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ڕۆژئاواییەکان بۆ بەدناوکردن و ناشرینکردن و بە نەرێ نیشاندانی ڕۆژهەڵات و خەڵکانی ڕۆژهەڵاتی دەیگرنەبەر (میرزایی و امیریان، ١٣٩٤: ٢٥٧)، ڕۆژئاواییەکان ئیسلام بە ئاینێکی دواکەوتوو و کۆنەپارێز و توندڕەو و موسڵمان بە دز و درۆزن و فێڵباز و تیرۆرست و دواکەوتوو... تاد وێنادەکەن، ئەمەش بە مەبەستی سوککردن و بە کەمگرتنی ئیسلام و موسڵمان و ڕۆژهەڵات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتییە. لەم ڕۆمانەشدا لە زاری هەندێ لە کارەکتەرەکانەوە ناو و ناتۆرە و ڕەفتاری خراپ دەدرێتە پاڵ پێغەمبەری ئیسلام و کەسایەتییە ئاینییەکان و ئاینی ئیسلام. لەو کاتەی کە دزێک دەچێتە ئەو هوتێلەی فەرهاد کاری لێ دەکات پۆلیس دەستگیری دەکات و پرسیاری ناوەکەی دەکات خاوەنی هوتێلەکە کە ناوی مەدام گالاتییە بەر لەوەی دزەکە وەڵامبداتەوە دەڵێت بێگومان ناوی محەمەدە:

((ناوت چییە؟

دزەکە تەماشای عەرزی دەکرد و وەڵامینەدایەوە.

مەدام گالاتی کە زۆر بە تووڕەییەوە تەماشای دزەکەی دەکرد، چونکە وەڵامی ئەفسەرەکەی نەدایەوە، بە هەڵپەوە گوتی:

ـ بێگومان محەمەدە!)) (پیربال، ٢٠١٧: ٣٦). ئەم دیمەنە زۆر بە ڕوونی ڕوانگە و تێگەیشتن و بۆچوونی ڕۆژئاواییەکان سەبارەت بە ئیسلام و موسڵمانەکان بەدیاردەخات، کە لە دیدی ئەوانەوە موسڵمان کەسانی دز و ناپاکن و لە بارەی ئیسلام و موسڵمانان خاوەن بڕیاری پێشوەختەن، لەم نموونەیەشدا دیارە مەدام گالاتی بەرلەوەی هیچ زانیارییەکی لەبارەی ناسنامەی دزەکە هەبێت، ڕاستەوخۆ بیری بۆ ئەوە دەچێت کە ئەو دزە موسڵمانە، چونکە لە ڕوانگەی ئەو، ئەو کارە نەشیاوانە هەر لە موسڵمانان دەوەشێنەوە. ئەمەش بەرهەم و لێکەوتەی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسییە کە ئەو تێگەیشتنەیان لە دنیادا سەبارەت بە ئیسلام و موسڵمانان باو کردووە. کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم گوتارە بە جۆرێکە خودی موسڵمانەکانیش خەریکی ناشرینکردنی خۆیان و بەکەم سەیری یەکتر بکەن و ناووناتۆرەی خراپ تەنانەت بدەنە پاڵ پیاوە ئاینییەکانیان و گومانی خراپیان لێبکەن. ئەوەتا عەلی هادی کە کوردێکی فەیلییە لە بارەی مەلاکان دەڵێت: ((ئاخر مەلا، کەی هی باشیان تێدا هەبووە؟)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٢). جیا لەمە لە ڕۆمانەکەدا دەسەڵاتی ئیسلامی بە زاڵم نیشاندەدرێت کاتێک لووسیانا بە فەرهاد دەڵێت: ((شتێکی دیکەشت پێ بڵێم: بەشێکی زۆر لە جوولەکەکانی پورتوگالیش "ئەو وڵاتەی کە من تێیدا لەدایکبووم" بە ئەسڵ مەغریبین، بریتین لەو جوولەکانەی کە لە دەست زوڵمی ڕژێمی ئیسلامی مەغریب وەختی خۆی پەنایان بردووتە بەر پورتوگاڵ)) (پیربال، ٢٠١٧: ٨٢). لێرەدا دەسەڵاتی ئیسلامی نەک هەر زاڵمە، بەڵکو دەسەڵاتێکی داخراوە و توانای قبوڵکردنی فرەئاینی نییە و جگە لە خۆی هیچ ئاینێکی تری قبوڵ نییە.

## ـ ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

ـ ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا تا ڕادەیەکی زۆر بەرهەمهێنەرەوە و درێژەپێدەری گوتاری ڕۆژهەڵاتناسییە، تێیدا کار لە سەر دابەشکردن و دروستکردنی دوو دونیای جیاوازی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کراوە، کە هەریەکەیان لە جەمسەرێکی دژ و پێچەوانەی ئەوی تر جێدەگرێت و هەریەکەیان نوێنەرایەتیی کلتوور و نەریت و شارستانیەتێکی جیاواز دەکەن، لەخۆگری خاک و خەڵک و کلتوور و نەریتی جیاوازن.

ـ لە ڕۆمانەکە چەندین ڕوانگە و وێنا و دوانەی لێکدژ سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە بەرهەمی گوتاری ڕۆژهەڵاتناسین، ڕەنگیانداوەتەوە، ئەوانیش بریتین لە: (بەرانبەریی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، ڕۆژئاوای هونەردۆست و ڕۆژهەڵاتی بێ هونەر، ڕۆژئاوای دیموکراسی و ڕۆژهەڵاتی دیکتاتۆر، ڕۆژئاوای مرۆڤدۆست و ڕۆژهەڵاتی مرۆڤکوژ، ڕۆژئاوای پێشکەوتوو و ڕۆژهەڵاتی دواکەوتوو، ناشرینکردنی ئیسلام).

ـ هەموو ئەو وێنا و ڕوانگە و دوانە لێکدژانەی لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە، وێنایەکی نەرێنی سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمدەهێنن، کە لە بەرانبەر ڕۆژئاوادا لە پێگەیەکی نزم و خوارتردایە، لە بەرانبەریشدا وێنایەکی ئەرێنی سەبارەت بە ڕۆژئاوا دروستدەکەن، کە لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتدا پێگەیەکی بەرز و باڵادەستیی پێدەبەخشێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

**ـ بە زمانی کوردی**

ـ بێرتێنز، هانز (٢٠١٥)، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی. و/ عەبدولخالق یەعقوبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ـ پیربال، فەرهاد (٢٠١٧)، هوتێل ئەوروپا. چاپی دووەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.

ـ سەعید، ئێدوارد (٢٠١٨)، ڕۆژهەڵاتناسی. و/ د. موحسین ئەحمەد عومەر، چاپی یەکەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.

ـ قانیع، مەریوان وریا (٢٠١٣)، کتێب و دونیا. چاپی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.

ـ مارف، دیاری خالید (٢٠١٦)، هەژمoونی ڕۆژئاوا بەسەر ڕۆژهەڵات لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە. چاپی یەکەم، سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی.

**ـ بە زمانی فارسی**

**یەکەم: کتێب**

ـ سعید، ادوارد، (١٣٦١)، شرق شناسی. ت/ اصغر عسگری خانقاه، حامد فولاد وند. چاپ اول، موسسه مطبوعاتی عطائی، تهران.

ـ شاهمیری، آزاد (١٣٨٩)، نظریه و نقد پسااستعماری. چاپ اول، نشر علم، تهران.

ـ کریمی، کامبیز (١٣٩٧)، کردستان و شرق شناسان. چاپ اول، نشر ژیار، سنندج.

ـ مطلب زاده، دکتر ناصر (١٣٩٦)، رویکردهای سیاسی در نقد ادبی. چاپ اول، انتشارات تیسا، تهران.

ـ مورتون، استفان (١٣٩٢)، گایاتری چاکراورتی اسپیواک. ت/ نجمه قابلی، چاپ اول، نشر بیدگل، تهران.

ـ میلز، سارا (١٣٩٨)، گفتمان. ت/ موسسه خط ممتد اندیشه، چاپ سوم، نشر نشانه، تهران.

**دووەم: گۆڤار**

ـ انصاری، منصور و درودی، مسعود (١٣٩٣)، مطالعات پسااستعماری، تلاش متن محور در جهت وارونەسازی چشم اندازها (با تأکید بر بازشناسی رویکردهای متفاوت). جستارهای سیاسی معاصر (پژوهشگاه علوم انسانی و فرهنگی)، سال پنجم، شماره دوم.

ـ برتنس، هانس (١٣٨٤)، نظریه و نقد پسا مستعمراتی. ت. بختیار سجادی، گۆڤاری زرێبار، ژماره ٥٦ ـ ٥٧.

ـ پورقریب، بهزاد (١٣٩٤)، ادوارد سعید و نظریه پسااستعماری و ادبیات مستعمرەزدایی. مجله مطالعات انتقادی ادبیات، سال دوم، شماره مسلسل ششم.

ـ ساعی، دکتر احمد (١٣٨٥)، مقدمه ای بر نظریه و نقد پسا استعماری. مجله دانشکده حقوق و علوم انسانی، شماره ٧٣.

- شیرزادی، دکتر رضا (۱۳۸۸)، مطالعات پسا استعماری؛ نقد و ارزیابی دیدگاه های فرانتس فانون، ادوارد سعید، و هومی بابا. فصلنامه مطالعات سیاسی، سال دوم، شماره ۵.

- کولایی، دکتر الهه و پازوکی زاده، دکتر زهرا (۱۳۹۰)، ادبیات پسااستعماری در هندوستان و نقش آن در شکل گیری هویت نوین هندی. فصلنامه مطالعات شبه قاره (دانشگاه سیستان و بلوچستان)، سال سوم، شامره هشتم.

- مظفری، افسانه و دیگران (۱۳۹٦)، گفتمان پسا استعماری در ادبیات جهان (تحلیل گفتمان رمان ریشه‌ها). مطالعات رسانه‌ای، سال دوازدهم.

- ملایی، احمد و دیگران (۱۳۹٦)، گفتمان پسااستعمار فی مشترک در ادبیات داستانی هند و ایران. فصلنامه مطالعات شبه قاره (دانشگاه سیستان و بلوچستان)، سال نهم، شماره ۳۱.

- میرزایی، فرامرز و امیریان، طیبه (۱۳۹٤)، رمان پسااستعماری الجزایر و ویژگی های محتوایی و زبانی آن. پأوهشنامه نقد ادب عربی، شماره ۱۰.

**- نامەی ئەکادیمی**

- ارداقی، رقیه باباپور (۱۳۹٤)، نقد پسا استعماری رمان ((سووشون سیمین دانشور)) و ((فصل مهاجرت به شمال طیب صالح)). پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی - دانشگاه بین المللی امام خمینی.

- حسين زاده، محمد (١٣٩٤)، بررسی تطبيقی داستان های بلند جلال آل احمد و عبدالرحمن منيف. پايان نامه كارشناسی ارشد، دانشكدەی ادبيات و علوم انسانی - دانشگاه بيرجند.

- رضائی، زهرا (١٣٩٤)، واكاوی پيوند ادبيات تطبيقی و مطالعات پسااستعماری با تكيه بر رمان های دو دنيا، مرد مردمی و رؤيای سلت. پايان نامه كارشناسی ارشد، دانشكده زبان و ادبيات فارسی - دانشگاه علامه طباطبائی.

**چکیده**

گفتمان شرق شناسی نتیجه نگرش غرب بسوی شرق است، که در أن جهان به دو قطب جدا از هم و متضاد تقسیم شده است و هر کدام از این دو جهان شاخص یک فرهنگ و تمدن جداگانه هستند. این گفتمان مجموعه‌ای نگرش منفی نسبت به شرق و در مقابل مجموعه‌ای نگرش مثبت نسبت به غرب را تولید میکند. رومان هتل اروپای نویسنده کورد فرهاد پیربال سعی در بازتولید گفتمان مذکور دارد. پژوهش پیش رو بر مبنای رویکرد وصفی ـ تحلیلی به نگارش درآمده است و در این راستا بر دو فصل تقسیم شده است. فصل اول به بحث شرق شناسی و ادوارد سعید به عنوان یکی از متفکرین این نحوه تفکر، فصل دوم به بازتاب مبانی شرق شناسی در متن رومان مذکور پرداخته است.

**واژگان کلیدی:** شرق شناسی، ادوارد سعید، شرق و غرب، رومان هتل اروپا.

## Abstract

Orientalist discourse is the result of western points of views on the Eastern world, in which work is done on dividing the world into two opposite poles, each representing a different tradition, culture, civilization, and ... etc. In this article, a group of negative points of views about the East and a group of positive views about the West are produced. Farhad Pirbal's Novel (Hotel Europe) is also producing the same discourse and part of the views of orientalist discourse about the East are reflected in the novel Farhad Pirbal's Novel (Hotel Europe) is also producing the same discourse and part of the views of orientalist discourse about the East are reflected in the novel. In this study, we followed the method of description and analysis, and for this purpose, our research was divided into two parts, and in the first part, we talked about Orientalism and Edward Saeed has been portrayed and interpreted as one of the thinkers in this field, and in the second part, the orientalist views reflected and talked about in the novel.



**Keywords:** Orientalism, Edward Saeed, East and West, Hotel Europe.